# سیماکانی گەشە پێدان لەسایەی کۆماری کوردستان
# لەبەر ڕۆشنایی ( ڕۆژنامەی کوردستان ) دا

**پ.ی.د. یاسین خالد سەردەشتی              د. هیوا عزیز**

**بەشی مێژوو**
**سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**زانکۆی سلێمانی**

**ئامانجی کۆڵینەوەکە:** ئەم کۆڵینەوەیە لە سیماکانی گەشەپێدان لەسایەی کۆماری کوردستان دەکۆڵێتەوە, ئەو کۆمارەی لەپاش دووەمین جەنگی جیهانی وەك یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتووانەی جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازادییخوازانەی کورد لەسەر بەشێکی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزراو لەماوەی ساڵێکی تەمەنیدا (١٩٤٦) وەرچەرخانێکی گرنگی لەمێژووی کوردا تۆمارکردو چەندین هەنگاو و گۆڕانکاریی لەبوارە جیاکانی ژیانی نەتەوەیی و سیاسیی و فەرهەنگیی و مەدەنیی هینایەئارا کە بەرجەستەی دەستکەوتێکی گەورەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی دەکات, ئەوەی ئەم کۆڵینەوەیە بەپشتبەستن بە سەرچاوەیەکی گرنگی وەك (ڕۆژنامەی کوردستان) ڕووەکانی گەشەپێدان وەك زادەی کارو دەستکەوتەکانی کۆمار لەبوارە هەمەلایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردیی وێنا دەکات .

**بایەخی کۆڵینەوەکە:** بایەخی کۆڵینەوەکە دەرخستنی ئەو فاکتەیە کە بەدەستەوەگرتنی ئیرادەو بڕیاری نەتەوەیی و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان,وێڕای کورتیی ماوەو تەمەنیشی, بە چ شێوەیەك توانیویە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بەشێکی خاکەکەی بخاتە سەر ڕێگای چەسپاندنی شوناس و هاوبەستەگیی نەتەوەیی و گەشەپێدان و نوێگەرایی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی,ئەوەی خۆی لەپرۆسەیەکی هەمەلایەنەی بنیاتنان و ڕێکخستن و بڕیاردان و جێبەجیکردندا بینیوەتەوە.

**چوارچێوەی کاتیی کۆڵینەوەکە:** کۆماری کوردستان ڕاستەوخۆ پاش کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانیی و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ دامەزراو نزیك بەساڵێك تەمەنی کرد, لەقۆناغێکی مێژوویی ئاڵۆزو پڕکێشەدا پڕی بەوەرچەرخانێکی گەورەو زنجیرەیەك چاکسازیی کرد کە گەر بێتو بواری بدرایەو پەلامار نەدرایە دەیتوانی پرۆسەیەکی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی مەزن لەکۆمەڵگای کوردیدا بێنێتەئارا.

**میتۆدکاریی کۆڵینەوەکە:** کۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای میتۆدی کۆڵینەوەی زانستیی مێژوویی و ڕێبازی وەسفی- شیکاریی ئەنجامدراوە و جگە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دیموکرات و ئاوێنەی کارەکانی حکومەتی کوردستان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەیە, ژمارەیەك کۆڵینەوەو

کتێبی مێژووییش کراونەتە سەرچاوە. هەر لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو دەقانـەی لـە رۆژنامـەی کوردسـتان وەرگیراون لـەرووی پاراسـتنی ئەمانـەتی زانسـتییەوە وەك خـۆی دانراونەتـەوەو دەستکاریی ڕێنووس و شێوەی زمانەکەی نەکراوە.

## باسی یەکەم : چەمك و مانای گەشە پێدان

گەشەپێدان (development) چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سادەو ڕاستەخۆیەیە کە لەوەڵامەکەیدا جۆرێك لەمەیدانخوازی تیۆریی و پراکتیکیی هەڵگرتووە، چونکە دیاریکردنی ئەم چەمکە بەشێوازێکی وردو کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان لەسەری و ڕونکردنەوەی سەرهەڵدانی، کارێکی سەختو دژوارە,[١] چونکە سەرجەم چەمکەکانی بواری زانستە مرۆییەکان دیدی جۆراوجۆر هەڵدەگرن و کەمتر کۆدیدیان لەسەر هەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوەی توێژەران ڕێکەوتوون لەسەری ئەوەیە لەمەڕ چەمکەکانی ئەم بوارە ڕێکناکەون.

لێرەوە گەر سەرنجی توێژینەوەو سەرچاوەکان بدەین پێناسەو دیدگەلێکی زۆرو فرە ئاڕاستەو لایەن بەدیدەکەین، لەئاستی گوزارشتە گشتییەکان، گەشەپێدان واتە "ڕوداوێك کە دەبێتە پێکهێنەری وەرچەرخانێکی نویێ لەناو دۆخە گۆڕاوەکاندا"، یاخود خودی پرۆسەی گۆڕینە، بۆیە لەگەڵ باسکردن لە گەشەپێدان لەهەربوارێك لەبوارەکانی کۆمەڵگەو سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری، واتەباسکردن لەلایەنە پۆزەتیڤ و ئامانجدارەکان یاخود ویستراوەکان. بەم مانایە, گەشەپێدان, چاککردن و بەرەو باشتربردنی سیستمی گشتیی یاخود ڕەگەزە پێکهێنەرەکانێتی، کەواتە گەشەپێدان بەگرتنەبەری چەندین ڕێوشوێن و هەنگاو و گۆڕانکاریی بەمەبەستی چاککردن و باشکردن و پێشخستن دێتەدی.[٢]

گەشەپێدان, بەمانا فراوانەکەی, ئەو پرۆسەیەیە کە کۆمەڵگە لەدۆخێکی دواکەوتوو بۆ دۆخێکی پێشکەوتووتر دەگوازێتەوە، ئەم پرۆسەیە هاوڕێ لەگەڵ گۆڕانێکی ڕیشەیی لەبواری ئابووری سەرپێ دەخات، هەروەها بەرزکردنەوەی بەردەوامی ئاستی کۆمەڵگە وەك یەك بونیادی تۆکمەی هەمەلایەن و گشتگیر، بەشێوەیەك سیستمی کۆمەڵایەتی بەرەو ژیانێکی مرۆڤدۆستانەی باشترو هەڵکشاوتر ئاڕاستەبکات.[٣]

(فرانسوا پێرۆ) لەپێناسەی ئەم چەمکەدا نوسیویەتی: "جێبەجێکردنی چەندین لایەنی تەکنیکییە لەپێناو بەدیهێنانی پرۆسە ئاڵۆزەکان بەمەبەستی هاوکاریکردنی مرۆڤەکان بۆ تێپەڕین لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باشتر, تاوەکو بتوانن بە باشترین شێواز گوزارشت لە مرۆڤبوونیان بکەن و بەدیبهێنن."[٤]

گەشەپێدان لای (والت رۆستۆ)ش "وازهێنان و پشتهەڵکردنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە لە سیما نەریتیی و سونەتییە باوەکان و بونیادنانی تایبەتمەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە."[٥]

وەك دەردەکەوێت گەشەپێدان چەمکێکی فرە ڕەهەندە، چونکە پرۆسەی گەشەپێدان دەشێت لەچەندین روو و لایەنی جیاوازدا سەرپێبخرێت، یاخود بەشێوازو میتۆدو خێرایی جۆراوجۆر پەیڕەو ئاڕاستەبکرێت، یاخود هێزو کاراکتەری جیاواز ببنە پێشڕەوی.[٦]

هەربۆیە کاتێك باس لەگەشەپێدان دەکەین، پێویستە ئەو سێ ڕەگەزە سەرەکیی و پێکهێنەرەمان لەبەرچاوبێت کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەکە هەیە، یەکەمیان بریتییە لەوەی ئایا گەشەپێدان لەئاستی

گشتیدایە یان تایبەت، گەر لەئاستی تایبەتی و دیاریکراودایە، لە چ لایەنێکەوەیە سنورەکەی چییەو چۆنە؟ دووەمیان ئەو میتۆدو شێوازانەی لەپرۆسەکەدا پەیڕەوی لێدەکرێت چین و ئەو کاتەی بۆ پرۆسەکە دیاریکراوە چەندە؟ سێیەمیشیان سەرنجدانی کاراکتەرەکانی ئاڕاستەپێدان و پێشەنگیکردنی پرۆسەکەیەو تێگەیشتنە لەئاستی بونیادو توانستییان لە پرۆسەکەدا.

چەمکی گەشەپێدان, بەشێوەیەکی سەرەکیی لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبیات و نوسینەوەو لە یەکەم بەکارهێنانیدا زۆرتر مانایەکی ئابووری لەخۆگرتبوو کە ئاماژەبوو بۆ پرۆسەی هێنانەئارای کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، ئەوەش بەئامانجی بەدەستهێنانی توانستی کۆمەڵگە بۆ پەرەسەندنی خودییانەو بەردەوام لەئاستێکدا کە باشتربوونی زیاتری ژیانی سەرجەم تاکەکەسەکانی مسۆگەر بکات.[7]

شایەنی باسە, کایەکانی گەشەپێدان لەسەرچاوەکاندا بەشێوازی جیاواز ئاماژەیان پێکراوە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گشتی چەند بوارو کایەیەك لەخۆدەگرێت، لەوانە:

- گەشەپێدانی سیاسیی: زۆرجار ئەم جۆری گەشەپێدانە بە تێکڕای ئەو هەنگاو و گۆڕانکارییە بونیادیی و درێژخایەنانە دەوترێ کەلەسەر ئاستی دەوڵەت و حکومەت لەلایەك و لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش لەلایەکی دیکەوە, بەئامانجی مۆدێرنەکردن, بەدەزگاییکردن, برەودان بە بەشداریی, بەرزکردنەوەی هۆشیاری, چەسپاندنی شایستەسالاریی و توانایی حکومەت و فەرمانڕەوایەتی سیاسیی دەنرێ لەپێناو وەڵامدانەوەی پێویستییە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتیی و ئابورییە هەنوکەیی و ئایندەییەکانی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی دیموکراتی و یەکسانیی و دادپەروەریی و کۆمەڵگایەکی مەدەنیی خۆشگوزەرانی خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی هاوچەرخ.[8]
- گەشەپێدانی مرۆیی: کەمرۆڤ سەنتەرو تەوەرەی سەرەکی پێکدێنێت، زیاتر کار لەسەر خۆشگوزەرانی تاکەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکرێت, بایەخ بە تەندروستیی و فێرکردن و شایستەیی و بەهرەو توانستەکان دەدرێت.
- گەشەپێدانی بەردەوام و درێژخایەن: ئەم جۆرەیان پرۆسەیەکی درێژخایەن و لەداهاتوویەکی دووردا بەرجەستە ئەبێت و کاریگەری دەکاتە سەر لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان.
- گەشەپێدانی هەرێمیی: گەشەپێدانی ناوچەیەکی دیارییکراوە کەشیاوی گەشەپێدانەو بوارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەکە لەسەر ئاستی ناوخۆو پەیوەندییە دەرەکییەکانی ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەنجامدانی گەشەپێدان.[9]
- گەشەپێدانی ئابووری: زیادبوونی داهاتی تاکەکەس و گەشەکردنی کەرتی دیاریکراوو زیادبوونی هێزی بەرهەمهێنانە لەبواری ئابووریدا.

## باسی دووەم: دامەزراندنی کۆماری کوردستان سیمبوڵی وەرچەرخانێکە بەڕووی گەشە پێدانی سیاسیی و بەدەستەوە گرتنی ئیرادەی نەتەوەیی

دەتوانرێت داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی سۆڤێت و بریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١دا, بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەچالاکیی ئەڵمانە نازییەکان لەو وڵاتەو دواتر بەکارهێنانی ئێران وەك

پردێك بۆ گواستنەوەی کەلوپەل‌و پێویستییەکانی جەنگ بۆ بەرەکانی جەنگ لە روسیا, بەخاڵی گۆڕانکاریی لەمێژووی ئێران بەگشتی‌و لەمێژووی گەلانی نافارسیش, بەتایبەتی کورد, دابنرێت, چونکە یەکێك لەگرنگترین ئاسەوارە کاریگەرەکانی ئەم پەلامارە, بریتیبوو لەهێنانەخوارەوەی رەزاشای پەهلەویی لەتەختی دەسەڵات‌و کۆتاییهینان بە حوکمی دیکتاتۆریی ٢٠ ساڵەی ناوبراوو دواتر لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سوپای شاهەنشاهیی ئێران کە ئامرازێکی سەرکوتکاریی رژێمی دیکاتۆریی شاهەنشاهیی پەهلەویی بوو,[١٠] ئەو رژێمەی کە بنەماکەی لەسەر ناوەندگەرایی توندو دژایەتیی خێڵەکان‌و خێڵەکان‌و سڕینەوەی کەلتورو فەرهەنگی میلەتە نافارسەکانی ئێران‌و سەپاندنی رۆژئاواگەرایییەکی رواڵەتییی‌و ناسیونالیزمی فارسگەرای تەنگەتیلە بەسەر تێکڕای دانیشتووانی وڵاتدا, راوەستابوو،[١١] ئەو ناسیونالیزمەی کە بەهۆی ریشەی پڕ ناکۆکیی شعوبیەتگەرایی مێژوویی‌و هەروەها لەسۆنگەی زەلیلی‌و ئەو قۆناغە سوکایەتییەی ئێران لەسەردەمی نوێدا بەدەست هیزە بیانییەکانەوە چەشتبووی, وێڕای دەرکەوتنی لەسەردەمی پشکوتنی شەپۆلی نەتەوە نافارسەکاندا, وەك ناسیونالیزمێکی شەڕەنگێزو خۆسەپین بەرجەستە بێت.[١٢]

گەلی کورد یەکێك بوو لەقوربانییە هەرە زیانپێکەوتووەکانی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆریی رەزاشا پەهلەویی‌و لەماوەی ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی (١٩١٨-١٩٣٩) رووبەڕووی پڕۆسەیەکی سیستماتیکی مەترسیداری سڕینەوەو پاکتاوکردنی رەگەزیی بۆتەوە, زمان‌و کەلتووری بە یاسا قەدەغەکرا, رێبەرو سەرۆکەکانی تیرۆرکران‌و هەندێکیشیان زیندانییکران‌و دوورخرانەوە, سوپای شاهەنشاهی هێرشیان کردە سەر کوردستان‌و بەو پەڕی وەحشیەتەوە ناڕەزایەتییەکانیان سەرکوتکرد, خێڵە کوردییەکان چەککران‌و سەرخێڵەکانیان قۆڵبەستکران‌و پیاوەکانیان بەزۆر کرانە سەرباز, هەندێکیشیان وەك خێڵەکانی پیران‌و جەلالی‌و گەڵباخی بەتەواوی لەهەلومەرجێکی زۆر دژوارو نالەباردا بەپێ بۆ هەرێمە فارسنشینەکانی وەك کرمان‌و شیراز دوورخرانەوەو بەوهۆیەو زۆربەیان لەناوچوون, دەوڵەت خاکی کوردستانی بەگوێرەی بەرنامەیەکی ئیداریی نوێ بەشێوەیەك دابەشکرد کە دانیشتوانی کوردی لەیەکتر دابڕی‌و پەیوەندی بەیەکترەوە لاوازکردن‌و لەگەڵ میلەتانی تری غەیرە کوردی وەك ئازەردا گرێیدان‌و هانی ناکۆکییەکانی نێوانیانی دەدا، ئەمە جگە لەهاوکاریی چەند قۆڵی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی ناوچەکە وەك تورکیاو عێراق‌و بەستنی رێکەوتننامەی هاوبەش بۆ لێدانی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەناوچەکە کە رێکەوتننامەی (سەعدئاباد) لەساڵی ١٩٣٧ زەقترین نموونەی ئەم هاوکارییە بوو. لەراستییدا, هەڵاواردن‌و جیاوازییکردنی نەتەوەیی‌و سیاسەتی پشتگویخستنی ئابووری‌و رێگرتن لەگەشەکردنی کۆمەڵایەتیی‌و هەڵلوشینی سامانی کوردستان بەقازانجی بیرۆکراتی ئیداریی و سەربازیی دەوڵەتی ناوەندگەراو چینە باڵادەستەکانی نەتەوەی فارسی سەردەست, گەوهەری سیاسەت‌و حوکمڕانی شۆڤێنیانەی بیست ساڵەی رەزاشایان پێکدەهینا.[١٣]

هەربۆیە, داگیرکردنی ئێران لەئابی ١٩٤١و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دابودەزگای دیکتاتۆریی رەزاشای پەهلەویی‌و دابەشکردنی کاتیی ئەو وڵاتە لەساڵەکانی جەنگدا بۆ دوو ناوچەی نفوزی سۆڤیتیی لەباکوورو هەروەها ناوچەی بریتانیی لەباشوور, لەگەڵ هێشتنەوە دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەویی بەلاوازیی لەتاران‌و دانانی محەمەدرەزای کوڕی رەزاشا لەسەر تەخت کەلاویکی تازە پێگەیشتوو بوو,

بەشێوەیەك كە وەك ناوچەیەكی جیاكەرەوە لەنێوان هەردوو لادا بێت, كۆمەڵێك گۆڕانكاریی و جۆرە كرانەوەیەكی فەزا سیاسییەكەی لەسەر ئاستی ناوەندو هەرێمەكان, بەتایبەت ئەوانەی لەنێو ناوچەی نفوزی سۆڤێتیی بوون, هێنایەپێش. لەتاران مەشروتییەت و ژیانی سیاسیی و پارتایەتی بوژایەوەو ئەو سیاسەتكارانەی پێشتر لەدەورانی دیكتاتۆری رەزا شادا ناچار بەدانیشتن كرابوون یان لەزیندان كرابوون یاخود دوورخرابوونەوە, دیسانەوە گەڕانەوە سەر شانۆی سیاسەت و چەندین حیزب و ریكخراوی وەك حیزبی ئیرادەی میلی, تودە, زەحمەتكێشان, میهن پەرستان..هتد دامەزرێنران و دەیەها رۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاوكرانەوەو هەڵبژاردنەكانی مەجلیس ململانێ و گەرموگوڕیی تێكەوتەوە,[١٤] شایەنی باسە, ئەم بوژانەوە سیاسییە لەسایەی دەستێوەردانی هێزە داگیركەرەكانی وەك سۆڤێت و بریتانیا لەئێران و لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی ئەواندا لەناوچەكە بەڕێوەدەچوو.

سەبارەت بە رۆژهەڵاتی كوردستان و گەلی كوردیش, كە ئەو دەمە لەنێو چوار ئوستانی ئیلام و كرماشان و كوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا دەژیان, هەلومەرجێكی نوێ هاتەئارا, نەمانی فشاری فەرماندەكانی سوپاو ژاندارم و ئەمنیەو لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی جۆرە ئازادییەكی هێنابووە ئارا, بەشێكی زۆر لەسەرخێڵەكانی كورد لەزیندانەكان هاتنەدەرو ئەوانەی دوورخراوەبوون گەڕانەوە ناو خێڵەكانیان و بەچەكی سوپای هەڵوەشاوەی شاهەنشاهیی ئێرانیی خۆیان چەكداركردەوە, هەرچەندە وەزارەتی جەنگی حكومەتی ئێران هەوڵیدا بەهاوكاریی بریتانییەكان قەیران و ئاسەوارەكانی داگیركارییەكەی ئابی ١٩٤١ لەسەرخۆی كەمبكاتەوەو ئەو شكستە رۆحییە بە گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئیداریی و سەربازیی خۆی بۆ ناوچە كوردنشینەكان قەرەبوو بكاتەوەو بەهەمان شێوازی پێشوو فەرمانڕەوایەتی ئێرانیی لەوناوچانە دابمەزرێننەوە, ئەوەش ناڕەزایەتییەكی قووڵی لەنێو كورداندا هێنایەئاراو بووە هۆی رووداني چەندین راپەڕینی چەكداریی خێڵەكیی هەر لەناوچەی كرماشان و سەرپێڵی زەهاوەوە تاكو هەورامان و بانەو سەقزو هەروەها ورمێ كە بەهاوكاریی سوپا داگیركەرەكانی سۆڤێت و بریتانیا سەركوتكران, چونكە هەریەك لەو دوو دەوڵەتە لەخەمی پاراستنی ئاسایشی هێزەكانی خۆیان بوون و نەیاندەویست ئاڵۆزیی و پشێویی لەناوچەكەدا بێتەئاراو كاربكاتە سەر پرۆسەی گواستنەوەی هاوكارییەكان بۆ بەرەكانی جەنگ لەروسیا.[١٥] لەلایەكی دیكەوە, هەلومەرجی تاڕادەیەك ئاوەڵای هێندێك لەناوچە كوردنشینەكان, بەتایبەت ناوچەی موكریان و ناوەندەكەی شاری مەهاباد, كە كەوتبووە كەناری ناوچەی نفوزی سۆڤێتیی و سوپای ئێرانی شاهەنشاهیی بەئاسانیی دەستی پێدا نەدەگەیشت, لەم هەرێمەدا زەمینەی بوژانەوەی چالاكیی سیاسیی و فەرهەنگیی كوردیی رەخساو سەرەتا "حیزبی ئازادی كوردستان"و دواتریش كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان (ژ.ك) بەنهێنیی دامەزران و رۆڵیان لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و رۆشنبیرییدا گێڕا, بەتایبەتی كۆمەڵەی ژ.ك كە رێكخراوێكی ناسیونالیستیی سەربەخۆییخواز بوو, هەوڵیدەدا لەرێگەی بڵاوكراوەی وەكو "گۆڤاری نیشتیمان"ەوە لاوانی كورد بۆ خەبات لەپێناوی ئازادیی كوردو رزگاریی كوردستان و ژیانەوەی فەرهەنگی نەتەوەیی هانبدات و جووڵانەوەی نەتەوەیی بخاتە سەرپێ.[١٦]

شایەنی باسە, ئەو جووڵانەوەیە بەكۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی وەرچەرخانێكی فراوانتری بەخۆوە دی و پێی نایە قۆناغێكی گرنگ و مێژوویی نوێ وە، بەچەشنێك لەسەرئاستی جیهانیی و

ئێرانییو نێوخۆیی هەلومەرجی لەباری بۆ لواو زەمینەو دەرفەتێکی شیاو هاتەپێش کە بتوانێت دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتەدەستو بەدامەزراندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان یان کۆماری میللیی کوردستان کە لەهەندێك لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەهۆی پایتەختەکەیەوە بە کۆماری مەهابادیش ناودەبرێت[١٧] لاپەڕەیەکی بەرجەستە لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کورد بەگشتیو لەمێژووی جووڵانەوەکە بەتایبەتی تۆمار بکات.

لەرووی جیهانییەوە، کۆتاییهاتنی جەنگ ئاکامی گرنگو هەمەلایەنەی لێکەوتەوە، سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتیخوازییو رووخاندنی رژێمە فاشیستە توتالیتێرەکانی وەك: ئەڵمانیا، ئیتالیاو یابان، پاشەکشەی دەوڵەتە سەرمایەدارە کۆلۆنیالیستەکانی وەك فەرەنساو بەریتانیاو لاوازبوونیان بەرامبەر پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازییو نیشتمانیی گەلانی ژێردەستەو بەدەستهێنانی دەرفەتی بەدیهێنانی سەربەخۆیی سیاسیان، دەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت وەك زلهێزێکی بەتوانای خاوەن بەرژەوەندییو ئایدۆلۆژییەتی تایبەتیی خۆی بەچەشنێك تادەهات کێشی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیی زیاتر دەبوو، ئەوەی کاریگەریی خۆیان هەبوو لەسەر وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتیی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانی دابەشکراو لەپێش هەمووشیانەوە ئێران کەلەسۆنگەی گرنگی شوێنی ستراتیژییو ئابووریی و هاوسێیەتی یەکێتی شورەوییەوە زیاتر ببووە جێی بایەخو ململانێی زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو سۆڤێتو بریتانیا.[١٨] ئەوەش ئاسەوارێکی زۆری لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتە هەبوو، بەجۆرێك ریزبەندییەکی لەنێوان هێزە راسترەوەکان، بەدەسەڵاتی حوکمڕانیشەوە، لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازەکانی سەرتاسەرییو جووڵانەوەی ئازادیخوازەکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران هێنایەئارا، کە هەریەکە لەم هێزانە لەدەوری یەکێك لەجەمسەرێکی ململانێکە گردبوونەوە.[١٩]

سەرکەوتنی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی ئازەربایجان لە ئێرانو کۆنترۆڵکردنی هەرێمی ئازەربایجانی رۆژهەڵات بەشاری تەبرێزی پایتەختیشەوە لەلایەن فیداییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی لەشکری شاهەنشاهیی بەفەرماندەیی (سەرتیپ درەخشانی)و داگیرکردنی تەواوی پۆستو دامودەزگاکانی حکومەت لەلایەن هێزەکانی دیموکرات، دامەزراندنی (ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان)و راگەیاندنی حکومەتی میللی ئازەربایجان لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٥دا،[٢٠] ئەوانە گشتی رووداوی هەژێنەربوون بۆ گەلی کوردو رابەرانی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکەی، کە لەلایەکەوە خۆیان بەهاوخەباتی ئازەرییەکان دژی دەسەڵاتی ناوەندیی دەزانیو لەلایەکی تریشەوە دەترسان لەلایەن ئەم دەسەڵاتە نوێیە ناکوردە کۆمۆنیستەوە قووت بدرێن، چونکە هەرێمی موکریان پێشتر بەئەنقەست لەلایەن رژێمی رەزاشاوە لەرووی ئیدارییەوە بەئازەربایجانەوە لکێنرابوو.[٢١]

هەموو ئەم هاندەرانە زەمینەیان بۆ گەشەکردنی کاری رێکخراوەییو نەتەوەیی لەهەرێمی موکریانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا رەخساند, بەتایبەت لەشاری مەهاباد کە هەر لەدوای داگیرکاریی ساڵی ١٩٤١و بەهۆی دارمانو لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندییەوەو بۆ پاراستنی ئاسایشی شارو رێگریی لەتاڵانخوازیی عەشیرەتەکان, لەلایەن دەسەڵاتێکی خۆجێیەوە لەکەسایەتییە ناسراوو خاوەن پێگەکانی شار بە رێبەرایەتی (قازیی محەمەد)ەوە بەرێوەدەبرا, ئەوەی توانیبوی بەلێهاتوییو دادپەروەریی خۆی پاش ماوەیەکی کەم لەئەندامبوون ببێتە رابەری کۆمەڵەی ژ.كو پاشتر لەگەڵ گەشەکردنی رووداوەکان لەسەر

داروپەردوی ژ.ك ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ بەنێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ح .د.ك) دابمەزرێنێت. لەڕاستییدا, ح.د.ك رابەرایەتیی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران گرتەدەست, بەجۆرێك توانی تەواوی هێزو باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی لەئامێزبگرێتو تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی دوور لەقینەبەرایەتیی عەشیرەتیی و جودا لەکینەی مەزهەبییو ناسیونالیستیی گۆشەگیرانە لەژێر ئاڵای خۆیو لەدەوری پرۆگرامێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازانە کۆبکاتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان زادەی خەباتو تێکۆشانی بژاردەی هۆشیارو نوێنەرانی راستەقینەی مافە رەواکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی ئێران بوو، ئەوانەی بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهان چ لەرووی خەباتی چەکدارییەوە، یاخود لەرێگای کاری رێکخراوەیی و سیاسییەوە دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئێران تێکۆشابوونو خۆیان تاقی کردبووەوە. ح.د.ك لەکوردستانی ئێراندا بەتایبەتیی لە موکریان، خاوەن پایەو نفوزێکی بەهێز بوو، هەر بە ماوەیەکی کەم پاش دروستبوونی لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی (ژ.ك) شێلگیرانە کەوتبووە نواندنی چالاکی سیاسییو رۆشنبیرییو خاوەن هێزێکی چەکداری رێکخراو بوو، سەرکەوتووانە سەرۆکاریی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکەی دەکرد بەجۆرێك دەسەڵاتی ناوەندیی لەم رووەوە شوێنێکی بۆ نەمابۆوە. قازیی محەمەد رابەری حیزب رۆڵێکی یەکجار سەرەکییو ناوەندییو کاریگەریی هەبوو لەپێگەیشتنی هەلومەرجی نێوخۆو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و ئیرادەی نەتەوەیی، بەجۆرێك رۆڵی کارێزمای یاری دەکرد.[٢٢]

لەلایەکی ترەوە, رژێمی شاهەنشاهی لەسایەی محەمەد رەزاشای پەهلەویی لەسەر هەمان بنەماکانی سیاسەتی رەزاشای باوکی سەبارەت بە راوەدونانو سەرکوتکردنی ئازادییخوازانی ئێرانیی بەگشتییی و بەگژداچوونەوەی داواکارییە رەواکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێرانو لەپێش هەموویانەوە گەلی کورد بەتایبەتیی وەستابوون، کە رۆڵێکی سەرەکییو فاکتەرێکی نەرێیی گەورە دەبینێت لەشێواندنو تەقینەوەی بارودۆخەکەی وڵات. لەم رووەوە هێشتا ئاگری دووەمین جەنگی جیهانیی بەتەواویی دانەمرکابوو کە حکومەتی ئێران هێرشی بەربڵاوی بۆ سەر ئازادییخوازان دەستپێکرد. لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٤٥دا دەسەڵاتی سەربازییو حاڵەتی نائاسایی لەشارەکانی ئەسفەهانو تاران راگەیەندراو فەرمانی داخستنی زیاتر لە ٤٠ رۆژنامەی ئازادییخوازیو ژمارەیەکی زۆری یانەو ناوەندە رۆشنبیرییەکانو هەڵوەشاندنەوەی سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان درا، خەڵکانێکی ئازادییخواز لەشارەکانو ریزەکانی سوپادا دەستبەسەرکرانو بۆ زیندانە تاریکەکان راپێچکران. ژاندارم لەزۆربەی بۆنەو کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا بەگژ هاوڵاتیاندا دەچوونەوەو رووی ئاگری تفەنگەکانیان تێدەکردن[٢٣].

حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران, چ لەساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیی, چ دوای کۆتاییهاتنیشی, گاڵتەیان بەچارەسەریی پرسی نەتەوایەتیی کورد دەهاتو ئامادە نەبوون کەمترین ماف بۆ گەلی کورد لەئێران بسەلمێنن، کاتێك پێش تەواوبوونی جەنگ قازیی محەمەدو ژمارەیەك لەگەورەپیاوانی کورد چونە تارانو چاویان بەشاو دەسەڵاتدارانی ئێران کەوتو داوای چاکسازیی دۆخی شێواوی کوردستانو بایەخدان بە گەشەپێدانی باری تەندروستییو رۆشنبیریی گەلی کوردیان لێکردن، هەرگوێشیان لێ نەگرتن.

لەلایەکی ترەوە، جگە لەو پەلامارو کوشتوبڕەی فەرمانڕەوایانی ئێرانیی‌و فەرماندەکانی لەشکری شاهەنشاهیی لەکوردستان دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامیان دەدا، بێ لیاقەتی‌و گەندەڵیی دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانیی لەکوردستان‌و دواکەوتوویی لەهەموو روویەکەوە جێگەی رەخنەو بێزاریی خەڵکی کوردستان بوو. ئەم حاڵەتە زیاتر خەڵکەکەی هاندەدا کە بیر لە دامەزراندنی دەسەلاتێکی خۆجێ بکەنەوە کەئەڵتەرناتیفی دامودەزگا گەندەڵەکانی حکومەت بێت، وەك قازیی محەمەد دواتر ئاشکرای کرد:" لەپێش دا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەداینەوە شوخیشیان بەداوای ئێمە کردو ناچار بوین حکومەتی میللیمان دامەزراندو هێزی خۆمان لەبەرامبەر ئەواندا تاقی کردەوە"[٢٤].

لەپاڵ رەتکردنەوەی دەسەلاتدارانی تاران بۆ سەلماندنی کەمترین مافی نەتەوایەتیی کوردو بێ لیاقەتیی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی لەدۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ دۆخە شێواوەکەی کوردستان‌و قەیرانە ئیدارییەکەی، تەوژمی بیری ئازادیخوازانەو بڕوا بەمافی گەلان بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان‌و دیاریکردنی جۆری دەسەڵات‌و شێوازی بەڕێوەبردنیان، ئەو پرەنسیپانەی کەناوەرۆکی پەیمانی ئەتلانتیك، کەهاوپەیمانەکان بەدرێژایی جەنگ بەگوێی میلەتانی ژێردەست‌و چەوساوەیان دەدا، ئەو تەوژمە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ تا دەهات لەکوردستاندا پەرەی دەسەند، بەتایبەتیی لەهەرێمی موکریاندا کەخەڵکی ئامادە نەبوون دەستبەرداری ئەو ئازادییە بن کە بەدرێژایی ساڵانی جەنگ خەباتیان بۆ کردووەو لەدوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆریی رەزاشا لەم ناوچەیەدا بەدەستیانهێناوە، ئامادەنەبوون بچنەوە بندەستی رژێمێکی دیکتاتۆریی دیکە کە بەئاگروئاسن وەڵامی سادەترین داواکارییەکانیان بداتەوە. وەك دواتر رۆژنامەی (کوردستان) ئاماژەی بۆدا، "هیچ قوەت‌و قودرەتێك ناتوانێ لەدنیای دیموکراسی فیعلی دا ئێمە بێنێتەوە ژێر یوغی ئەسارەت‌و بەندەگی چون ئەو حەقە ئەورۆ ئێمە بەدەستمان هێناوە رۆحی‌و مەشنوری ئەتلانتیك‌و موعاهەداتی موتەفقینە".[٢٥]

ئەوە بوو لەپێش نیوەرۆی رۆژی ٢٢ کانوونی دووەمی ١٩٤٦، لەمەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، بەئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی ح.د.ك و جەماوەرێکی زۆری شارو نوێنەری ناوچەکان‌و عەشیرەتە کوردەکان هەر لەماکۆوە هەتا سەقزو سەردەشت کە پێشتر بانگهێشت کرابوون، ئاهەنگی مەراسیمی راگەیاندنی کۆماری میلیی کوردستان دەستپێکرد. دوای چڕینی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان"و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد کە لەسێ رەنگی :سوور، سپی‌و سەوز پێکهاتبوو کە لەناوەڕاستیدا نیوەرۆژێك کەدوو گوڵە گەنمی بەدەوردا هاتونە خوارو قەڵەمێکیش لەپشتەوەی چەقێنرابوو، لەناو جۆش‌و خرۆش‌و چەپڵەو بەختەوەریی جەماوەردا، گەورە پیاوانی کوردو سەرانی ح.د.ك دەستیان بەوتار خوێندنەوە کردو سوێندی دڵسۆزییان بۆ جەمهوریەت‌و سەرۆکەکەی پێشەوا (قازیی محەمەد) خوارد.[٢٦]

کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك چەند کۆبوونەوەیەکی سازداو لەئاکامدا بڕیاری پێکهێنانی حکومەتێکی دا لەژێر ناونیشانی ((هیئت رئیسەی میللی)) ، بەسەرۆکایەتیی حاجی بابە شێخ. راگەیاندنی ئەم هەیئەتەو ناوی وەزیرەکان‌و پۆستەکانیان لە ١١ی شوباتی ١٩٤٦دا بڵاوکرایەوە بەم شێوەیە: محەمەد حوسێن سەیفی قازیی - وەزیری جەنگ، محەمەد ئەمین موعینی - وەزیری کاروباری نێوخۆ، محەمەد ئەیوبیان -

وەزیری لەش ساغی، عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادە ـ وەزیری مشاور، سمایلی ئیلخانی زادە ـ وەزیری ڕێگاوبان، ئەحمەدی ئیلاهی ـ وەزیری ئابووری، کەریمی ئەحمەدین ـ وەزیری پۆستو تەلەگراف، مستەفای داودی ـ وەزیری بازرگانیی، مەناف کەریمی ـ وەزیری فەرهەنگ، مەحموودی وەلی زادە ـ وەزیری کشتوکاڵ، سەدیقی حەیدەری ـ وەزیری تەبلیغات، خەلیلی خوسرەوی ـ وەزیری کارو مەلا حوسێنی مەجدی بە وەزیری داد دانرا بوون.[٢٧]

وەك لەناوی وەزیرەکاندا دیارە نزیکەی تەواویان لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ك هەڵبژێدرابوونو نوێنەری چینە باڵاکانو بنەماڵە ناسراوەکانی شاری مەهاباد، یاخود موڵکدارە گەورەکانی دەوروبەری بوون، چ نوێنەرێکی باکووری کوردستانو شارەکانی ماکۆو خویو ورمێ یاخود ناوچەکان سەقزو سەردەشتی تێدا نەدەبینرا. کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو ناوچانە وەك رەشید بەگ، عەمەر خانی شکاكو زیرۆبەگ زیاتر پێشەوا وەك راوێژکار پرس‌ورای پێدەکردن. شایەنی باسە، جگە لەوەزارەتەکان چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی تریش دامەزران لەوانە ئیدارەی دارایی کوردستانو هەروەها ئیدارەی کوللی ئەوقاف کوردستان .[٢٨]

هەرچەندە، دەگونجێت سروشتی کۆمەڵگەی کوردیی لەو کاتەدا، فاکتەرێکی هەرە گرنگ بێت لە دیارییکردنی ئەو شێوەیەی کە بەخۆیەوە بینی. جووڵانەوەکە بەرجەستەی قۆناغێکی وەرچەرخان دەکات لەنێوان خێڵگەراییو هۆشی نەتەوایەتییدا. کۆمارە کوردییەکە بەرجەستەی پشکوتنی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی دەکات لەکۆمەڵگەیەکدا کەهێشتا پاشماوەیەکی بەهێزی کەلتوورو عەقڵییەتی خێڵەکیی تێدا مابوو، لەکاتێکدا ڕێبەرایەتی کوردیی نوێ لە رۆشنبیرە شارەکییەکان ئەلتەرناتیڤێکی نوێیان پێشکەشکرد کە نەتەوایەتیی بوو. ئەوە سەرۆکخێڵەکانو رۆشنبیرانی چینی ناوەڕاستی شارەکیی بوون کە هێزە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردییان پێکدەهێنا کە لەهێندێك حاڵەتدا دژبەیەکیش بوون. ئەوە کێشمەکێشی نێوان ئەو دوو هێزە بوو کە زیاتر لە هەرشتێکی دی سروشتی جووڵانەوە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦ی دیارییدەکرد. لەسایەی رەوشێکی لەم چەشنە، هەریەك لەو دوو هێزە سەرەکییە نەیاندەتوانی بێ هاوکاریی ئەو دیکە دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن. سەرۆکخێڵەکان نەیاندەتوانی هەروەك دەورانی سمکۆ بەتەنیا دەسەڵات بگرنەدەست و خاوەن بڕیاربن، چونکە ئەمێستا ڕێکخراوی سیاسیی هەبوو لایەنگریی لە نەتەوایەتیی کوردیی دەکردو رکابەری لەگەڵ وەفاداریی‌و ئینتیمای خێڵەکیی دەکرد، بەڵام رۆشنبیرە شارەکییەکانیش نەیاندەتوانی سەرۆکخێڵەکان پشتگوێبخەن یاخود دوژمنایەتییان بکەن، چونکە پێویستیان بە نفوزی سەربازییو سیاسییو تواناو پێگەی کۆمەڵایەتییان بوو. هەرچەندە، هەروەك چارەنووسی کۆمارەکە دەریخست، لەماوەی جووڵانەوەکەی ساڵی ١٩٤٦دا، هێشتا هەڵوێستی خێڵەکیی باڵادەستبوو بەسەر هەستی نەتەوایەتییداو ئاراستەی رووداوەکانی دیارییدەکرد.[٢٩]

بەم چەشنە کۆماری کوردستان، وەك حکومەتێکی دیفاکتۆ دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمی موکریاندا، هەر لەمیاندواوەوە تا نزیك سەقزو سەردەشت دامەزراند[٣٠]، ئەو ناوچەیەی کە د.قاسملو بە ٣/١ی‌و ژیگالینا ٤/١ی خاکی کوردستانی ئێرانیان لەقەڵەمداوە[٣١]، ئاڵای کوردستان لەهەموو ئەو ناوچانەدا لەشوێنی ئاڵای ئێران هەڵکران. لەراستییدا، دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی بەمجۆرە بەدیهاتنی یەکەمین ئامانجەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو لەئێرانو دەستکەوتێکی سیاسییو نەتەوەیی مەزن بوو بۆ

ح.د.ك کە جووڵانەوەکەی لە قاوغە تەسکەکەی دەرهێناو گواستییەوە بۆ پلەو قۆناغێکی نوێ لەبەهێزکردنی ناسیونالیزمی کوردیی و یەکەمین هەنگاوی ڕاستیینەی لەبواری وەرچەرخان و گەشەپێدانی سیاسیی و ریفۆرمی هەمەلایەنەی پەروەردەیی و کەلتووریی و فەرهەنگی و نوێگەرایی سیاسییدا هاویشت، هەروەك باڤیج دەڵێت:" کوردستانی ئێرانی بەمۆرێکی تایبەت و قوڵ نیشانەکرد کەتائێستا ئەو نیشانەو تایبەتمەندیانەی مەهاباد خولقێنەری روخساری چەسپیووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەم پارچەیەی کوردستانە"[٣٢].

وێڕای ئەوەی تەمەنی کۆماری میللیی کوردستان زیاتر لە١١ مانگ یا وردتر بڵێین لە ٣٣٠ ڕۆژی تێپەڕی نەکردو هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە کۆمەڵێ گرفتی ئابووریی قورس و هەڕەشەی سیاسیی و سەربازیی سەخت یەخانگیر بوو، کەچی لەو ماوەکەمەدا توانی گەلێك کارو دەستکەوتی گرنگ بێنێتەدی کە زۆریان ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون و بۆ یەکەمین جار لەژیانی نەتەوەی کورد لەئێران هاتنەدی.

### باسی سێیەم : سیماکانی تری گەشە پێدان لەسایەی کۆماری کوردستان

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، بەکارهێنانی گەشەپێدان چەمکێکی نوێیە، بەڵام ئەمە بەومانایە نییە بەر لەو بەکارهێنانە ئاشکراو فەرمییەی بۆی دیاریکراوە، باسکردن لەگەشەپێدان بوونی نەبووبێت، یاخود بیری لێنەکرابێتەوە. بەتایبەتی لەگەڵ هەموو پێویستی و خواستێکی مرۆڤەکاندا بیری داهێنان و گەشەپێدان دێتەئاراوە، دیارە سروشتی کۆمەڵگەکانیش سروشتێکی گۆڕاوەو بەردەوام پێویستی و خواستەکانی تاکەکانی کۆمەڵیش ڕوو لەزیادبوون و هەڵکشانن.

لەم رووەوە مەزنترین هەنگاو بریتییبوو دامەزراندنی حکومەت و دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتیی کوردیی و بەفەرمییکردنی زمانی کوردیی و کردنی بەزمانی حکومەت و پەروەردەو خویندنگاو تەواوی دەزگا فەرهەنگییەکان. لەڕاستییدا, زمان ڕەگەزێکی سروشتیی و ئیتنیی جیاکەرەوەی گروپە مرۆییە جیاوازەکانەو تەنیا لەچوارچیوەی قەوارەو لەسایەی ڕێبەرایەتیی و هزرێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەییانەدا دەکرێت ببێتە ڕەگەزێکی سەرەکیی و پایەداری شوناسێکی یەکگرتووی نەتەوەیی کە لەبزاڤی ئیتنۆ–نەتەوایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتدا پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ خۆجیاکردنەوە لەوانی دیکەو جەختکردنەوە لەسەر خودو هەروەها ئامرازێکی بنەڕەتیشە بۆ پەرەپێدانی پڕۆسەی نەتەوەیی و پایەداریی لەقۆناغی هاوچەرخدا. لەم رووەوە پێشەوا قازیی محەمەد وتویەتی:" ئێمە وەك گەلێك یەکمان گرتەوەو بەهیزتربووین و بەیەکجاری بۆ گەیشتن بەماڤی خۆمان دەستمان بەخەبات کردوەو ئێستا ئێمە لەم بارەوە دەستکەوتی زۆرمان بەدەستهیناوە ئەگەر لەرابردوو نوسین و ئاخافتن بەزمانی کوردی ڕێگای پێ نەدەدرا, ئێستا ئێمە ڕۆژنامەی "کوردستان" مان هەیە."[٣٣] هەروەها دەڵێت: "بۆناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردو بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بەدنیای بەشەریەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین, چاپخانەی زۆر چاك تەئیسی کراو دانرا, لەشاری خۆماندا بەزمانی خۆمان گۆڤارو ڕۆژنامە دەردەچێ و بیرو فیکرو داخوازی ئێمە لەدنیادا بڵاو دەکاتەوە". [٣٤]

**شایەنی باسە هێنانی چاپخانەو دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لەشاری مەهاباد کە (قادری مدرسی) سەرۆکی بنکەو (عەلی خوسرەوی) بەڕێوەبەرە ناوخۆییەکەی بوو, بە هەنگاوێکی گرنگی سەرانی ح.د.ك دادەنرێت لەمێژووی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردستانی ئێراندا. جگەلە دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (کوردستان) لە٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا دەرچوو کەبڵاوکراوەیەکی سیاسیی، ئەدەبیی و گشتیی بووەو هەر ١٥ رۆژ جارێك چاپدەکراو تا رووخاندنی کۆمار (١٦) ژمارە لێدەرچووو، لەچاپدانی رۆژنامەی (کوردستان)یش کەیەکەم ژمارەی لەمەهاباد لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بڵاوکرایەوەو ڕۆژ ناڕۆژێك چاپدەکرا خۆی لەخۆیدا ئەزمونێکی نویٚ بوو لەژیانی سیاسیی و رۆشنبیریی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا، بەرێوەبەرو سەرنووسەری گۆڤارو رۆژنامەکەش سەید محەمەدی حەمیدی بوو. رۆژنامەی کوردستان تا رووخاندنی کۆمار ١١٤ ژمارەی لیٚ بڵاوکراوەتەوە,[٣٥] ئەو رۆژنامەیەی نەك هەر تەنیا زمانحاڵی حیزبی دیموکرات و کۆمارە نەوپاکە بوو، بەڵکو بووە پردێك لەنیوان خەڵکی کورد و حکومەتەکەی, شوێنێك بۆ دەربڕینی سەرنج و سکاڵای هاوڵاتیان, تریبیۆنێك بۆ گفتوگۆو گەنگەشەو لێکدانەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەدەبیی, ئاوێنەیەك بۆ رەنگدانەوەی بیروڕای خەڵك و ژیانی رۆژانەیان, سەرچاوەیەك بۆ دروستبوونی رای گشتیی و هۆشیاری نەتەوەیی, هەمان ئەو رۆڵە گرنگەی کە (بندکت ئەندەرسۆن) هەوڵیداوە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بیکاتە بنەما بۆ دەرکەوتنی نەتەوایەتی هاوچەرخ.[٣٦] هەربۆیە لەم کۆڵینەوەیشدا وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و بەڵگەنامەیی بۆ پێشاندانی رووکانی گەشەپیدان لەسایەی کۆمارەکەدا پشتی پیٚ بەستراوە.**

**لەم دیدەوە, ئەگەر سەرنجی ڕۆژنامەی کوردستان بدەین و ڕووپەڕەکانی بەوردیی بخوێنینەوە، هەوڵێکی بەرفراوان و گەورەی گەشەپێدان دەبینین، "ئەم نامەیە کە لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستان بڵاودەبێتەوە دەیەویٚ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کەبناغەکەی بەزانست و هونەرو لەشساغی داندرابیٚ و بتوانیٚ دەگەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێك کە بۆ سەربەستی زەرەربێت بەربەرەکانی بکا."[٣٧]**

**ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی لەو قۆناغەدا کۆمار گوزەراندوویەتی, هاوکات بەو توانست و هێزە مرۆییە سنوردارەی بەردەستبووە... لەکۆی ئەم لایەنانەو هەوڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیەو ئەو کارانەی لەلایەن کۆمارەوە (بەو تەمەنە کورتەیەوە) بانگەشەی بۆکراوەو هەوڵی بەکرداریکردنیان بۆ دراوە، دەکرێت لەچەند لایەنێکەوە هەوڵەکانی گەشەپێدان نزیك لەتێگەیشتنی ئەمڕۆ ببینین و تیشکیان بخەینەسەر.**

## گەشە پێدانی ڕۆشنبیریی و برەودان بەهۆشیاریی

**گەشەپێدانی ڕۆشنبیری لەسایەی کۆمارو ئەوەی لەدووتوێی ڕۆژنامەی کوردستان دەخوێنرێتەوە، بەگرنگیپێدان و گەشەپێدانی زمانی کوردی دەستیانپێکردووە، زمانیش کاتێك گەشەدەکات, کەلەخوێندنگەو سەرشەقام و ناوخەڵك گەشەبکات، بچێتە نێو گفتوگۆو دانوستاندنە ڕۆشنبیری و کەلتورییەکانەوە، لەم سۆنگەیەوە بەکوردی خوێندنیان بەزۆرکردووە، "بەتەواوی ئەهالی خۆشەویستی (سابڵاغ) ڕادەگەیەندرێت – لەسەر ئەمری پێشەوای معظم و قەراری (حزبی دیموکراتی) کوردستان لەوەی**

بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانو ڕەواجی زمان كوردی. خوێندن لەمەدرەسەكاندا بەكوردییە لەو (تاریخەوە) تا ١٠ ڕۆژی دیكە هەركەسێك كوڕو كچی هەبێ كە عومری اقتضای خوێندن بكا دەبێ بینێرێتە مەدرەسە ئەڵبەتە هەركەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بەتوندترین مجازات تەنبێ دەكرێ."[٣٨]

هەر لەپێناو ئەم ئامانجەدا بانگەشەی گۆڕینی نووسینی كوردییان بۆ ئەلفوبێیەكی ئاسان دەستپێكردووە، تاوەكو بۆ فێركردنی ئەوانەی خواستی خوێندنیان هەیە ئاسان بێت.[٣٩] ئەوە جگە لەكردنەوەی چەندین قوتابخانەو سازاندنی خوێندنی شەوانە, كە وەك هەڵمەتێك بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریو فێربوونی زمانی كوردیی، لەچەندین گۆشەی ڕۆژنامەكەدا بانگەشەی پێشدەستیو بەدەمەوەچوونی خوێندنو خوێندنی شەوانە بڵاوكراوەتەوە.[٤٠]

لەهەمانكاتدا ڕۆژنامەكە وەك ئاسانكارییەك بۆ فێربوونی زمانی كوردی, بەزنجیرەو لەژمارە (٣٢)ەوە هەرجارەو لەگۆشەیەكیدا لەژێرناوی (دەرسی زمانی كوردی) پیتێك لەپیتەكانی زمانی كوردیی لەچەند وشەیەكدا بەكاربردووە، تاوەكو هەركەس ئارەزوومەندبوو لەڕێگەی خوێندەوارێكەوە خۆی فێری خوێندنی كوردی بكات, تا ژمارە (٦٠) زنجیرەی دەرسەكان گەیشتووەتە (٢٧)و پیتی (ی). لەگەڵ ئەمانەشدا بابەتی دیكەی وەك ماتماتیكو جوگرافیای كوردستانی وەك دەرس لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەكەدا بڵاوكردۆتەوە.

لەم پڕۆسەیەشدا, بەكردنەوەو دامەزراندنی چاپخانە,[٤١] دانانی فەرهەنگی زمانەوانی,[٤٢] كردنەوەی كتێبخانە,[٤٣] سینەماو رادیۆی كوردستان,[٤٤] میكانیزمو زەمینەسازیی فێركردنو زانستخوازییان پراكتیزەكردووە، هەمانكات وەك ئاگاداركردنەوە, سەرجەم شارەزاو نووسەران لەپێویستی ئاگاداربوونی (هەیئەتی فەرهەنگیی) لەبەكارهێنانی هەرچەمكو زاراوەیەكی كوردیی نوێ ئاگاداركراونەتەوە, بۆ ئەوەی بەشێوازێكی فەرمی بڕیاری لێبدرێت,[٤٥] واتە هەوڵدراوە بەكارهێنانی چەمكو زاراوەكان لەشێوازو فۆرمێكی ستانداردا‌و لەلایەن (هەیئەتی فەرهەنگیی) ڕێكبخرێن.

لەگەڵ ئەمانەدا هەنگاوی بەكوردییكردنی وتاری هەینی وەك فەرمانێك بۆ مامۆستایانی ئایینی، تاوەكو وتارەكانیان بەكوردیی بۆ ئامادەبووان بخوێننەوە بایەخێكی گەورەی هەبووە,[٤٦] بەتایبەتی لەتێگەیشتنی ماناو چەمكە ئایینیەكان, بۆ ڕزگاركردنی تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردیی لە هەر چەواشەكارییو خەڵەتاندنێك كە لەمێژووی كورددا‌و لەلایەن نەتەوە سەردەستو داگیركەرەكانەوە بەكاربراوە, ئەم هەوڵەش تاڕادەیەك هاوشێوەی هەوڵەكەی چاكسازی ئینگلیزیی ( ولیام تیندال ١٤٩٤– ١٠٣٦ ) ە كاتێك بۆ یەكەمجار ئینجیلی وەرگێڕا بۆ زمانی ئینگلیزییو بە پیاوانی كڵێسای ڕاگەیاند "وادەكەم ئەو لاوەی سەرقاڵی زەوی كێڵانە زیاتر لەئێوە لە ئینجیل تێبگات."[٤٧]

بەدیوەكەی تریشدا , بایەخدان بە مامۆستایانو بەرزكردنەوەی ئاستی زانستو ڕۆشنبیرییانو فێركردنی چۆنیەتی مامەڵەكردن لایەنێكی دیكەی گەشەپێدانی كۆمارە بۆ بواری ڕۆشنبیریی، هەوڵدراوە فەلسەفەی پەروەردەو مەبەستەكانی بۆ مامۆستایان ڕوونبكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەسەر مامۆستایان پێویستە منداڵان فێری خوێندنو خوێندەواری بكەن، هاوكات شارەزاكردنی منداڵان لە چۆنیەتی پاراستنی لەشساغی خۆیان بەئەركێكی تری مامۆستاكان لەقەڵەمدراوە, هەروەها گرنگیدان بە لایەنی ئاكارییو ڕەوشتییان تاوەكو وەك كەسێكی شیاوو سودمەند لە دواڕۆژی خانەوادەو كۆمەڵەكەیان كەڵكیان

لێوەربگیرێت, سەرجەم کارە بەدو ناشایستەکانیان بۆ ڕوونبکرێتەوە, لە هەمووی گرنگتر لە مامۆستایان داواکراوە ئەم پڕۆسەی فێرکردنە لەڕێگەی بوونە پێشەنگو ئاکاری بەرزی خۆیانەوەو بەکرداری بە خوێندکارانی پیشانبدەن[٤٨]. کارێکی سەرنجڕاکێشە کاتێك هەوڵدراوە لەمیانەی ڕوونکردنەوەی پەروەردەی بنەڕەتی خوێندنگەکانی ئەو قۆناغە , مەبەستو فەلسەفەی هەر وانەو بابەتێکی نێو پڕۆگرامی خوێندنەکە ڕوونبکرێتەوە[٤٩]. ئەمە سەرەڕای کردنەوەی خولی دوومانگی بۆ سەرجەم مامۆستایان تاوەکو لەسەرجەم بوارەکانی کاری فێرکاریی و پەروەردەیی بەهێزبنو ئاستی زانستیان بەرزو فراوان بێت, هەروەك چۆن لەدوای تاقیکردنەوەی مامۆستایان، پلەو پۆستو ناونیشانیان لەڕوانگەی تاقیکردنەوەکانەوە پێبەخشراوە[٥٠]. لەگەڵ ئەم ڕێوشوێنانەدا هەوڵدان بۆ خستنەڕووی بایەخ و گرنگی زانستو خوێندەواری لە ژیانی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری تاکەکاندا وەك هاندانو هەڵمەتی بانگەشەکاری پەیڕەوکراوە, "زانست هێزێکە کەقەومی دواکەوتوی مردو لە تۆڕی نەگبەت دەردەهێنێ. زانست تاجێکە بچێتە سەر هەر سەرێك لە بەدبەختی و کەساسی ڕزگاری دەبێت."[٥١] هاوکات لەم بوارەدا لەئاستێکی وردترو قوڵتر قسەیانکردووەو کایەی ڕۆشنبیری و مەعریفەتیان بۆ گشتی و تایبەتیی دابەشکردووە: "ڕەوشەن فیکری دوو بەشە: خوێندنی تایبەتی ئەو شارەزایی پەیداکردنی هەمووشتێك لەمادەیەکدا.خوێندن بە سوڕەتێکی عمومی ئەویش زانین لەهەموو مادەیەکدا شتێکە."[٥٢] هەروەها هەوڵیانداوە هۆشیاری ئەوە بلأوبکرێتەوە کە خوێندن تەنها تایبەت نییە بە شارنشینەکانو دێهاتەکان لێی بێبەشبن, یاخود تەنها دەوڵەمەندو ئاغاو بالأدەستەکان کەڵك لەخوێندن وەربگرن, لە پشتی ئەم دیدەوە هەوڵی بەهەمەلایەنکردنو گشتاندنی پڕۆسەی فێرکردنو خوێندنی ئامادەیی هەبووە. (محمد محمود) کە بابەتیکی بەناونیشانی (میللەت و خوێندن) لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بلأوکردۆتەوە لەم بارەیەوە دەڵێت: "من لە فلاحی کورد داواناکەم کە اینی دارونو تی بینی انشیتاینی بزانیتو لە ماموەستای کورد داواناکەم کە اصولی زبانی هیروگلیفی بزانیو لە تجاری کورد داواناکەم کە ئاوازی بیتهوون بزانێتو لە موظفی کورد داواناکەم کە دیانتی بودا بزانێت. بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم ئەوانە زۆر مهمن تەنها ئەوەیان لی داوادەکەم کە هەرچی بە ژیانی اقتصادیو سیاسی و کۆمەلأیەتیانەوە علاقە داربێ بیزانن.و هەرچی کاردەکاتە شێوەی کارکردنیانو ڕێگای ژیانیانو علامەتیان پێکەوە هەبێ بیزانن."[٥٣] لەوەش زیاتر ئاماژە کراوە کە گەر توانستی ڕۆشنبیریو مەعریفەت گەشەپێنەدرێت, ناتوانرێت لەگەڵ ڕەوشی ژیانو شارستانێتی دنیادا ڕێبکرێتو لەگۆڕانکارییەکان تێبگەین: "خوێندەواریو باسەوادی امرو ڕێگایەکی بین المللی گرتووە, چونکی شارستانیەتی امرو خۆی بەرەو ڕێگایەکی بین المللی دەروا چاوناکاتە جیاوازی قومیتو جنسو دیانت وسیاست...کەوا بوو لەوەقتێکدا کە ایمە لە شارستانێتی بین المللی بەشدارین, دەبێ لە خوێندن و باسوادی بین المللیش دا بەشداربین ... ئەگەر پێشینانی خۆمان لە وانەی کە سەربەستیو ئازادی و حەقو خوێندنیان خوش ویستوە بناسین. دەبێ امروش ئەو هاوڕییانە بناسین کە ئازادی خواو حق پەرستو خوێندن پەرستن.."[٥٤]. تەنانەت هانی دێهاتیکان دراوە داوای خوێندنو مەدرەسە بکەن لە گوندەکانیاندا, ئەگەر حوکمەتیش توانای کردنەوەی مەدرەسەی لە هەموو گوندێك نەبوبێت, ئەوا با خەڵك خۆیان (معلمێك) بهێنن دەرس بەسەرجەم منداڵانی گوندەکە بڵێتەوە[٥٥]. ئەمەش هەمووی لە پێناو پەروەردەکردنی نەوەیەك بووە کە بتوانێت پێداویستی و

کەموکوڕیەکانی داهاتووی کۆمەڵگە پڕبکاتەوە "..ملت دکتورو پیاوی سیاسی دبلوماسی پێویستە. ملت دەڵیت هەمیشە ژمارێکی زۆر لە کوڕان و کچان خوێندەوارو خارجە دتیو زانا, مخترع میکانیك, فیلسوف و سیاسیونی هەبێ کە بتوانن لە کاتی قەوماویدا دەستی ملت بگرن و لە قوڕی هەژاری و گێژاوی داماویان ڕزگاربکەن."[٥٦]

**دووەم: گەشە پێدانی کۆمەلأیەتیی**

گەشەپێدانی کۆمەلأیەتیی لەسایەی کۆماردا, وەك سیماو دیاردەیەکی پەرەسەندوو بەواقیعی ئەو کاتەی کۆمەڵی کوردەواریی خۆی دەنوێنێت. دیارە گەشەپێدانی کۆمەلأیەتیی خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی هەمەلایەن و گشتگیرە, بۆیە کاتێك لەسایەی کۆماری کوردستاندا سەرنجی هەوڵەکانی گەشەپێدان دەدەین, زۆر لایەنی کۆمەلأیەتیان لەبەرچاو گرتووە. لەسەرەتاوە هۆکارو فاکتەرەکانی گەشەپێدان بۆهەر نەتەوەو میللەتێك دیاریکراوە "سێ شت زۆر پێویستە بو مەملەکەت یکەم اتحاد دوهەم زانین سی یەم تی کوشین وکار ...هەرمیللەتێکی دەگەل یەك اتحادو دەستی برایەتیان داوە بە دەستی یەك ئەو میللەتە کاروباری زۆر وە پێشدەکەوێ... خوێندنیش میللەتی سەربەرز ڕادەگرێ و ئالأی بلیندی تا ئەبەد بەرز دەکاتەوە"[٥٧].

بۆ ئەم مەبەستەش پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵ بەپەروەردەیەکی تەندروست ، بەیەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی گەشەپێدانی کۆمەلأیەتی ڕوونکراوەتەوە لەم بوارەشدا هەرسێ ڕەگەزەکەی پەروەردە (خێزان، قوتابخانە ، دەوڵەت) دیاریکراوە، بۆیە لە سەرەتاوەو لەقوتابخانەوە دەسپێکراوەو داواکراوە کە پێویستە مامۆستاکان لە پەروەردەی قوتابییەکانیاندا "منداڵەکان بەڕەوشتێکی باش بۆخانەوادەگی پاشەڕۆژ ئامادە بکرێن هەتاکو فەردێکی لایق و مفیدی گەل بەباربێنن، وەتی یان بگەیەندرێن کە لە پلەکانی ژیاندا کەبۆ پێش کەوتنو پێش ڕەفت پێ ویستە میلێکی بەهەوڵ و تەقللاو هێزی باسکی خۆیان بن"[٥٨].

هەروەها ئاماژە بۆ کایەیەکی دیکەی پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵ کراوە کە بریتیە لە خێزان ، "هەموو زۆرچاك دەزانن کە پایەو بنیاد تربیت انسان عبارەتە لە تربیت دایك یا تربیتی خانوادە ئەو تربیتەیە کە دەتوانی نا اهلی و اهلی کا جحیلانی خۆش اخلاق و راستگۆو میللەت دوست و نیشتمان پەرست بەگەل پێشکەش دەکا تربیت پایەو ڕیشەی تەواوی اخلاق و عادات انسان تشکیل دەدا..."[٥٩]. لە پرۆسەی پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕۆڵی دەسەلأت و دەوڵەت بێبایەخ سەیرنەکراوە ، بەڵکو ڕۆڵێکی کاراو سەرەکی دەبێت و وەك یەکێك لە ئەرکەکانی بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگاو مافی تاکەکەسەکان، پێویستە بەشداری لەپرۆسەی پەروەردەییدا هەبێت "بێ گومان بۆ ئەوەی هەموو نەفەرێك خدمتێکی ڕاستی وڵات بکات پێویستە بێ هەڵ خەڵەتاندن بە علمیکی راست تسلیح بکرێت. ئەمەش کاری دەوڵەتە، ئەو دەوڵەی کە لەمیللەت دەرچووە غەیری فایدەی میللەت نەبی هیچی تری منظور نەبیت .... دەوڵەت ئەتوانێت تربیتی میللەت بکات"[٦٠].

لەم پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆڤایەتیی و کۆمەلأیەتییەدا, بایەخدان بە ژنان و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و زانستییان و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و مافەکانیان، تەوەرەیەکی دیکەی گرنگی کاروچالاکییەکانی ژیانە لەسایەی کۆماردا, لەسەرەتاوە بانگەشەی یەکسانی فێربوون و فێرکردنی

کوڕان‌و کچان، دەکرێت بەیەکێك لەسیماکانی ئەم لایەنە ببینرێت "ملت دەبێ هەمیشە ژمارەیەکی زۆر لە کوڕان‌و کچان خوێندەوارو خارجە دیتو زانا، مخترع‌و میکانیك، فیلسوف‌و سیاسیونی هەبێ..."[٦١].

لەنوسینێکی ڕەخنە ئامێزیشدا، دوای ئەوەی باسی کەمی بایەخدان‌و هاندانی ژنانی کورد دەکات‌و باس لەکێشەو گرفتەکانیان دەکات، پێدانی ماف‌و یەکسانیی بەژنان لەکۆمەڵدا بەدیاردەو خەسڵەتی شارستانێتیی‌و دیموکراسی ئەژماردەکات "... لەهەموو مملکت دیموکراسیدا ئەورو ژن لە نعمتی ئازادی وەك پیاو بەشیان هەیەو لەپتری شئونی کۆمەڵایەتیدا حقوقی ژن دەگەڵ پیاو وەك یەکە. من باوەڕیم وایە هەتا ئەو ڕۆژەی کەدەست بە تەربیتی ژنان نەکراوەو ژن لە حقوقی سیاسی اجتماعی خۆیان تی نەگەیون‌و لە هەموو دێهات‌و شارستانێتکی کوردەواری مدارسی بۆ کچ‌و کوڕ بەتایبەتی بۆ کچان داننداوە نابێ پێمان وابی کە هەنگاوێکی بڵندمان دەڕێی ازادی‌و شارستانێتیدا هەڵێناوەتەوە.."[٦٢].

لەمدیدگایەوە ژنان لەناو حزبی دیموکراتدا بەشدارییان پێکراوەو هاندراون بۆ خوێندن‌و فێربوونی زانست، تەنانەت یەکێك لە ئاگادارییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ژنان لە خەمساردی فێربوون ئاگاداردەکاتەوە "زورجاران بە عەرضتان گەیاندراوە کە اساسی دنیای ئەورو لەسەر علم‌و زانست داندراوەو لەدنیای متمدن ئەورودا تفاوتێك لە حیثی زانست‌و زەحمەت کێشان لە بین پیاوو ژن دا قایل نەبوون دەگەل ئەوەی کە پیشەوای محبوب‌و بەرزی مە بەتەواوی بیری خۆی بۆ ترەقیات فەرهەنگ مخصوصا ژنان‌و کچان بەکارهێناوەو کلاسی اکابری بو ژنان نەخوێندەوارو بی سوادی کردوتەوە دیسان دەبینری کەوەکو پێویستە یایان موحتەرەمە لەو نیعمەتەی استفادە نافرمون تکادەکەم لەم بابەتەوە برێك باشتر هەوڵ بدەن لەدووای عرایضەکەم دا دەلیم یاخودا هەردەست رویوو پایەدارەی ریاست معظمی جمهوری کوردستان کەمتمدن کردنی ژنانی ایمە کەلەهیچ فداکاری کی دریغی یان نەفەرموەو زندوبن اوژنانەی کە بۆ زانست خۆیان‌و اولادیان هول دەدەن"[٦٣].

هەروەها لەمیانەی بابەتێکدا لەژێر ناونیشانی (چلۆن لەژیان لذت بەرین)دا، تاکەکانی کۆمەڵگەی ئاگاداركردۆتەوە کە ژیانی بەختەوەرو سەرکەوتووی تاکەکەسەکان وابەستەی بەردەوامی‌و ئارامگیریە لەژیان‌و کاری ڕۆژانەیاندا، بەجۆرێك هەرکەسەو کاری ڕۆژانەی خۆی بەئەوپەڕی وردەکاری‌و بیرکردنەوە ئەنجامبدات، تاوەکو وەك شارەزاو پسپۆڕێك لەبواری کاری خۆی دەربکەوێت‌و خزمەت بەکۆمەڵگەکەی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش نمونەی کرداری‌و واقیعی هێنراوەتەوە[٦٤].

تەنانەت پەروەردەکردنی تاکێکی چالاك‌و کارکەریان بەسیمای گەشەکردن‌و بەشارستانێتیکردنی کۆمەڵگە ناساندووە "سەرچاوەی روناك کردنی هەر أمانج‌و أرەزوییك کارو زەحمەتەو هەریەك لە برایانی عزیز أگاداربن کەمایەی تمدن‌و سەرکەوتن‌و گەورەی أدمیزادو بە آوازو آرەزوو گەیشتن بەو ٣پیتەیە (ك ـ ا ـ ر) ..."[٦٥].

لەپرۆسەی گەشەپێدان‌و پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵەو هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا، پێیان وابووە شانبەشانی پەروەردە، پێویستە زانین‌و هۆشیاریی مرۆڤەکان بەردەوامی هەبێت، چونکە زانین وەك هۆکاری هۆشیاری تاك لەبەرامبەر مافەکانی خۆی‌و نەمانی ستەمی کۆمەڵایەتیی ناسێندراوە[٦٦].

هەروەها لەمیانەی پرۆسەی گەشەپێدان‌و هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا، باس لە ئامانجەکانی کۆمەڵی کوردەواریی‌و تاکەکانی کۆمەڵ کراوە، لەم رووەوە (بەختەوەری) ژیانی تاکەکەسی‌و کۆمەڵ، وەك

لایەنێکی گرنگ زەق کراوەتەوەو گەیشتن بە ئامانجەکانو ئەو هەنگاوانەی پێویستە ڕونکراوەتەوە، ئەوەی گرنگە لەم لایەنەوە بۆئەوەی کێشەی هەژارییو نەبوونیو جیاوازی چینەکان نەبنە لەمپەر لەبەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییو بەختەوەریی کۆمەڵگە، هەوڵدراوە لەڕووی ئایینیو بەئاماژەکردن بۆ چەند ئایەتی قورئانی، بابەتەکەیان خستووەتەڕوو[٦٧]، ئەوە جگە لەوەی کە هەوڵدانی قۆناغ بە قۆناغو پلە بە پلەیان لە گەیشتن بە ئامانجو خواستەکانی کۆمەڵ بە لایەنێکی دیکەی بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لێکداوەتەوە[٦٨].تەنانەت لەئاماژەکردن بۆ چۆنیەتی گەیشتن بەبەختەوەرییو تێگەیشتن لێی سودیان لە وتارەکانی جەمالەدینی ئەفغانی چاکساز وەرگرتووەو بڵاویانکردۆتەوە[٦٩].

لەلایەکی دیکەوە زۆربەچڕی لەبارەی ئازادییو دیموکراسی کاریانکردووە، ئازادیی لە نوسینو دەربڕیندا[٧٠]، دیموکراسی چیەو لە کوردستاندا چۆن دەبینرێت[٧١]، تەنانەت ئەوەندە هیوایان بەم لایەنە هەبووە کە کوردستان لەماوەیەکی کەمدا دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی .[٧٢] هەروەها خستنەڕووی مێژووی پەیدابوونی بیری ئازادیخوازییو ماناو تێگەو چۆنیەتی پاراستنی ئازادیی، تەوەرو ناوەرۆکی چەندین وتارو نوسینی ڕۆشنبیرو نووسەرانی ئەم قۆناغە بووە.[٧٣]

هەروەها هەوڵدراوە هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتیی کە هۆکاری پشێوییو کێشەی کۆمەڵایەتیی بووە چارەسەربکرێن، کەدیارترینی (ڕەدوکەوتن وفڕاندنی کچانو ژنان) بووە، بۆیە هەوڵدراوە کە هەرکارێکی لەوشێوەیە بەسزادان قەدەغەبکەنو ئاماژەیان پێداوەکە ئەگەر "هەرپیاوێك بەزۆرداری ژنێکی مێرددار پەلکێش بکات، سزای ئەو پیاوە کوشتنە، یاخود ئەگەر بەزۆر کچێك ڕاکێشی پیاوەکە دەبێت بکوژرێ، بەڵام ئەگەر کەسێك خوازبێنی کچێك بکاتو بێ هیچ مانعێکی شەرعیو کچەکە رضای ببێتو نەیدەنێ، ئەوە هیچ جەزایەکی نیە"[٧٤]. هەروەها کاری پرسەو سەرەخۆشیکردنیش کە یەکێکە لەدابە هەر ریشەداکوتراوەکانی کورد، بە بڕیارێك یەك ڕۆژ دیاریکراوەو هەوڵدراوە کە فشارو زۆر لەسەر ماڵی مردوو دروست نەبێت.[٧٥]

### سێیەم: گەشەپێدانی تەندروستییو ژیانی هاوڵاتیانو بەمەدەنییکردنی کۆمەڵگە

لایەنێکی دیکەی ژیانی گەشەپێدان, لەڕووە تیۆرییەکەیەوە, بەشارستانێتییکردنی ژیانی هاوڵاتیانو بەمەدەنییکردنی کۆمەڵگەیە، بۆیە کاتێك لەسایەی کۆماردا سەرنجی هەوڵەکانی گەشەپێدان دەدەین، ئەملایەنە یەکێك لەتەوەرە سەرەکییەکانی بایەخپێدانو گرنگیپێدان بووە. هەر لەسەرەتاوە لەبەرئەوەی قۆناغی دامەزراندنی کۆمار قۆناغی دوای دووەمین جەنگی جیهانییە، دیاردەی چەکدارییو بڵاوبوونەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا سیمای دیارو مایەی مەترسییو نائارامیی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بووە، هەوڵدراوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەوە چەك هەڵگرتن بەبێ مۆڵەت لەناو شاردا قەدەغەبکرێتو سیمای مەدەنی شار بپارێزرێ, بۆئەوەش لەچەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا جەختیلێکراوەتەوە، "بەتەواوی ئەهالی رادەگەیەندرێت کە هەڵگرتنی ئەسلحە لەنیو شاری دا غەیری ئەشخاصی مەجاز بەکلی قەدەغەیە هەرکەسێك لەنیو شاری دا تیر خالی بەکا سخت تەعقیبو مجازات دەکری"[٧٦].

یەکێکی دیکە لە دیاردە دزێوو ناشرینەکانی ناو کۆمەڵو کاروباری بەڕێوەبردن، بریتیبووە لە بەرتیلو پارەدان لەپێناو کارئاسانیو ڕاییکردنی مامەڵەدا، بۆ ڕێگری لەم جۆرە دیاردەیە، ئاگاداری لەم

بارەیەوە بڵاوکراوەتەوەو نزیکەی لە (٧) ژمارەدا دووبارە کراوەتەوەکە "بەهوی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردستان بەتەواوی مأمورینی حکومەتی کوردستانو ملت رادەگەیندریت هەرکەس لە هەر مەمەریکوە بەهەر نیویك لەتمەنیك تا چەند تمەن بۆ هەڵسوراندنی کارێکی (چە قانونی چە شرعیو غیرە) بەرتیلو ریشوە بداتو یا وربگری لەپاش مەعلوم بون بە خاینی ملتو مملکت دناسری قەراری مجازاتی ئەو کەسانەش لە دەساڵ حەپسی هەتا کوشتن (اعدام) تصویبو مقرر کراو". [٧٧]

هەروەها لە ئاگادارییەکی دیکەی هاوشێوەدا نوسراوە "لەسەر دستوری وزیری بەرزی جەنگ بەتەواوی برایانی کوردو هاونیشتمانانی کوردستان رادەگەیندریت کە هەر گاە کارێکی خلافی اصولی دیموکراسیو برایەتی لەلایەن مأمورانی هیز کوردستان بەر لە پیش مەرگە یاأفسر نسبت بە أفرادی نەتەوەی کورد ڕوبداتو یاداوای رشوەو غیرە بۆ پیك هێنانی کاروباربکەن پیویستە بەزوویی مقاماتی هیزو أیدیکە لە حقیقتی موضوع اگادار بفرمونو الا بەپیچوانەی ئەو بخشنامە اگر رفتار قطعا مجازات هەردوك لا بە اندازەیك دەبی معاوینی حزبو وزارت جنگ کوردستان جعفر کریمی" [٧٨].هەروەها لەگەڵ ئەوە بانگەشەی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانبەراندا لەڕیگەی یاساییەوەو پێدانی مافو لێپچینەوەیان لەڕێگەی یاساوەو سزادانیان لەسەر کەمتەرخەمیان هەنگاوێکی دیکەی ئەم لایەنەیە [٧٩].

هەر لەمیانەی بایەخدان بەشارستانییکردن، لەژێر ناوی بابەتێکدا بەناوی (وظایفی شارداری) ، ئەركو کارەکانی ئەم دەزگایەی ڕوونکردۆتەوەو نوسراوە "لەنێو گشت ادارەکانی حکومەتدا شارداری لە دەرەجەی هەوەڵدا تماسێکی کلی دەگەڵ أوضاعو أصولو بەلکو ژیانی خەڵکی هەیەو لەلایەن حکومەتەوە مأمورەکە بو تأمینی خواردەمەنیو لەشساغیو تعدیلی نرخی پێداویستی ڕۆژانەی أهالیو پاکوتەمیز راگرتنی خیابانو کوچەو کولانی نیو شاری پی رابگاو هەنگاوی زور توند هەلینی.

شارداری حقی هەیە حتی دە زندەگی داخلی خانوادانیشدا مداخلە بکا ئەگەر هەستی کرد خانەوادەیەك لەبەر نەزانیو تی نەگەیشتی اصولی ژیانیان خراپەو نازانن لەشساغی خۆیان بەچاکی ڕاگرنو یا وسیلەی پیس بوونی کوچەو کولانان فەراهەم دینن دەتوانی رهنماییان بکاو رییو شوێنی بهداشتیان نیشانبداو بەتایبەتی حالیان بکا کە پاشاو کنافات دەکوچان نەکەنو وەکو کوچەکانی ایمە کە هاوینیش وشك نابنەوە پر لەپیسایيو زبلو زال نەبن." [٨٠]

لەبەرئەوە لە قەدەغەکردنی زبڵ ڕشتنو بڵاوکردنەوەوە، خەڵکیان ئاگادارکردۆتەوە کە هەر کەسو یان هەر خاوەن دووکانێك لە (قاوەچیو کەبابچیو شیرینیو ... تاد) پاشماوەو زبڵەکانیان فڕێبدەنە سەر شەقامو کوڵانەکان یان لەپێش دوکانەکانیان فڕێبدەن لێپچینەوەیان لەگەڵ دەکرێتو سزادەدرێن، چونکە ئەم جۆرەکارانە مایەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشینو پەتا بڵاودەکەنەوە، هەروەها ئاگادار کراونەتەوە کە شوێنی ڕشتنی زبڵ بۆ پاشماوەکان دیاریکراوەو پێویستە لەو جێگایانە دایبنێنو کۆیبکەنەوە [٨١].

لێرەوە بایەخدان بەتەندروستی هاوشاریو هاوڵاتیان زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوەو ڕێوشوێنی بۆ گیراوەتەبەرو بەردەوامیش خەڵکیان هۆشیارکردۆتەوەو ئاگاداریيان بۆ پەخشکردوون. هانیانداون مناڵەکانیان دژی نەخۆشیو پەتا درمو بڵاوەکان بکوتن, "لەسەر قەراری ژمارە٤٦ وزارت بهداری پێویستە ئەو کەسانەی کە مندالْیان ابلە کوبی دەکەن ڕۆژانی دووشەمموو پێنج شممو بە سەعات ٤ پاش نوێژی

بو تلقيح ابله كوبى به بهدارى مراجعه بكەن."[٨٢] هەروەها هانی خەڵكیان داوە كە ئەگەر توشی هەر نەخۆشیەك هاتن سەردانی دكتۆر بكەنو كەمتەرخەم نەبنو چارەسەروەربگرن، بەتایبەتی دژی نەخۆشی (تیفوس).[٨٣] تەنانەت ئەوانەی هەژاربوونو لەرووی مادییەوە توانای سەردانی نەخۆشخانەو وەرگرتنی چارەسەرییان نەبووە لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە ئاگادارکراونەتەوە کە بەڵگەی تایبەتیان بۆ بکرێو بتوانن بۆ چارەسەریی پشتی پێ ببەستن.[٨٤] ئەوانەی لەو جێگەو دوكانانە كاریانكردووە كە خواردنو خواردنەوە دەفرۆشنو دروستی دەكەن، فەرمانیان پێكراوە تاوەكو باجی تەندروستی دروستبكەنو سەردانی ئیدارەی بهداری بكەن بۆ ئەو مەبەستە، هەركەس سەرپێچی بكات سزادەدرێت[٨٥].

تەنانەت پشكنینی ئاژەڵ پێش سەربڕین یەكێكی دیكەی ئەو كارانەیە كە لەپێناو تەندروستی هاوڵاتیان ئەنجامدراوەو خەڵكیان ئاگاداركردۆتەوە كە "لەبروارى نشرى ئەو أگاداریەوە بەتەواوى قصابان رادەگەیەندریت كە پیویستە هر حیوانیكى دەكوژریتەوە بدستورى دامپزشكى وەلە معاینە دەرچیتو هر كەسیك حیوانات لە هر قبیل بە عنوانى تجارەت لە مهاباد بو خارج صادر بكات پیویستە ئاویش تحت نظرى دامپزشكى كوردستان ئەنجام بدرى. كسانیكى خلاف قانون بطارى رفتار بكەن، طبقى مقرراتى دیموكراتى مجازاتو جریمە دەكرین"[٨٦]. هەروەها هەوڵدراوە بایەخ بە تەندروستیو دەردە كشتوكاڵیەكانیش بدرێتو نەخۆشیەكان بناسێنرێنو چۆنیەتی چارەسەرو بنەبڕكردنی ئەو نەخۆشیانە ڕوونكراوەتەوە.[٨٧]

بایەخدان بە (حەمام)ەكان لەو قۆناغەدا، هەنگاوێكی دیكەی گرنگو بایەخداربووە بۆ تەندروستیی هاوڵاتیان، چونكە پێیانوابووە كە (حمام)ەكان بناغەی لەشساغی خەڵكنو پەیوەندی بە هەموو كەسێكەوە هەیە، بەتایبەتی لەوەداكە مرۆڤەكان لەیەك یان چەند گۆلێكی بچوكی گەرمدا خۆیان بشۆن، "ملیون ملیون كثافاتو میكرۆبی نەخۆشی بەجێدێڵن."[٨٨] بەمەش نەخۆشیەكان زۆر خێراو ئاسانتر بڵاودەبنەوە، بۆیە بانگەشەی دانانی شێرە بۆ حەمامەكانو پاكوخاوێن ڕاگرتنیو گەرمكردنو گرنگیدان بەم حەمامانە وەك شوێنی گشتیو لەپێناو پاراستنی هاوڵاتیاندا لایەتێكی دیاری پەرەسەندنو گەشەپێدانی هاوڵاتیان لەخۆدەگرێت.[٨٩]

هەروەها ڕێكخستنی بازاڕو شوێنی فرۆشتن، بەمەبەستی زیاتر جوانكردنی شار، بۆ نموونە دیاریكردنی شوێنی میوە فرۆشتن بۆ میوە فرۆشان، دانانی قەپانو دیاریكردنی شوێنی تایبەت بۆیانو ... تاد[٩٠]. گرنگیدان بەنرخو هەوڵدان بۆ قەدەغەكردنی گرانفرۆشیو لەبەر چاوگرتنی باری گوزەرانو دارایی خەڵك، هەوڵدراوە كە نرخی شمەكو خۆراك دیارییبكرێت، هەر لە نرخی (گۆشتو خواردەمەنیو حەمامو ... تاد)[٩١]، لەم پێناوەشدا هەركەس سەرپێچی كردبێت سزاو لێپچینەوەی لەگەڵدا كراوە[٩٢].

تۆماری مردنو لەدایكبوون دروستكراوە، تاوەكو ڕێژەی دانیشتوانو چۆنیەتی زیادبوون یاخود كەمبون بزانرێت، ئەوە جگە لە تۆماری ژن هێنانو تەڵاقدان لەبەرئەوە نوسراوەكە "بەبرایانی خۆشەویست دانیشتووی مهاباد رادەگەیەنرێت كەلەوبەرەوارەوە هەركەسی منداڵی بوبێ ویا كەسیكی لی مردبێو خبرى بە ادارى نیونوسى ندابى تەشریف بادارە بێ نێ كارى خۆیان جى بەجى بكەنو لەوى ئەو دەستورى سەرەوە اجرا بەفرمون بو قیسمتی ژن هی نانو طلاق دان."[٩٣] لەلایەكی دیكەوە بایەخ

بەکاری پۆستو تەلەگراف دراوەو وەك هۆکارێکی پێشکەوتووی ئەو قۆناغە بۆ کاری حەواڵەو ناردنو ڕێوشوێنەکانی کاری لەسەر کراوە.[٩٤]

چوارەم: سیمای گەشەپێدانی ئابووریی

وێڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییە قورسەی کە بەمەبەستی لەباربردنی حکومەتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەسەر هەرێمی موکریاندا سەپێنرابوو، وێڕای ئەو قەیرانە سەختە ئابوورییەی کە کۆمار هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە خۆی تێدا دیتەوە، لە ئەنجامی کەمیی دەرامەتی گەنجینە کەجگە لەباجی موڵكو خانوبەرەو ئابوونە حیزبیی و هەندێك موڵکی ئاغا خۆفرۆشە راکردووەکانو بڕێك هاوکاریی حکومەتی ئازەربایجان سەرچاوەیەکی دیکەی دەرامەتی نەبوو.[٩٥] لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەزگاکانی حکومەتی کوردستان زۆر باشتر لەدەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی بەکاروباری ژیانی خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا رادەگەیشت. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ کاردانەوەی ئاسایشو ئازادیی سیاسیی لەسەر ئابووریی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، هەر لەودەمەدا کەلەهێندێك بەشەکانی ئێرانو تەنانەت لەناوەندو باشووری کوردستانیش گرانیی و برسێتیی کەوتبووەو خەڵکی لەبرسان دەمردن.[٩٦] ژیانی ئابووریی خەڵکیی لەسایەی حکومەتی کوردستاندا نەك هەر ئاساییانە بەڕێوەدەچوو بەڵکو لەزۆر رووەوە تادەهات بەرەو چاکتر هەنگاوی دەنا. بڕینی دەستی دەزگا مشەخۆرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی و رزگاربوونی بازرگانانو موڵکدارەکانی کورد لەباجە سەختو رووتێنەرەکانی حکومەتی ئێران، ئەم توێژەی کۆمەڵگای کوردەواریی ژیاندبۆوە، ئەمانە دامەزراندنی حکومەتی کوردستانیان جگە لەوەی بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و سیاسیی و دادەنا، بە بەدیهێنەرو زامنکەری دەستکەوتە ئابوورییەکانیشیان دەدایە قەڵەم کە بەرجەستەی راستەقینەی بەرژەوەندییەکان بوو. هەربۆیە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمار ئامادەبوون دان بەشەرعییەتی حکومەتی کوردستاندا بنێنو دەستی هاوکاریی و پشتگیریی بۆ کارو هەنگاوەکانی درێژ بکەن.

(ئەحمەدی ئیلخانی زادە) کە موڵکدارێکی نیشتمانپەروەری کورد بوو، نموونەیەکی زەقی ئەو راستییەیە. ناوبراو هەر لەرۆژی راگەیاندنی کۆماردا رایگەیاند: ((ئێستاش لەحەمدی خوداوە لەسایەی ئازادی ئەملاكو داراییم زیاد بووە، ئەوا سێ دانگی دێی "عەیش اوا"ی موڵکی خۆم کەپێم وایە لەژیانی ماڵو منداڵم زیادە، بەدەوڵەتی سەربەرزی کوردستانم پێشکەش کرد، چونکو لەپێش چاوم گەلێ چەتونە کەبرایانی خۆم بێ سەوادو ئەسبابی خوێندنیان نامورەتەب ببیت ومن لەعەیشی کامەرانیدابم)).[٩٧]

حکومەتی کوردستان چەند هەوڵێکیدا کە کوردستان لەڕووی بازرگانیی و کشتوکاڵییەوە ببوژێنێتەوە. یەك لەوانە دامەزراندنی کۆمپانیاکی بازرگانیی بوو بە هاوکاریی بازرگانەکانی شاری مەهاباد لەژێر ناوی (شیرکەتی تەرەقی کوردستان)، هەروەها هانی بازرگانان دەدرا کە لەدەرەوە، بەتایبەتیی لەشارەکانی ئازەربایجانی شورەوییەوە کەلوپەل بهێننو بەرهەمە تەکنیکییەکانی کوردستانی وەك توتن، خوری، کەتیرەیان پێ بفرۆشنەوە، لەلایەکی دییەوە حکومەتی کوردستان کریاری بۆ بڕی ئەو توتنە دۆزییەوە کەلەگەنجینەکاندا مابوونەوەو حکومەتی ئێرانی ئامادە نەبوو بیکڕێتەوە، ئەو کڕیارەش روسیای شورەویی بوو کەبەرامبەر بەو توتنە بڕی (٦) ملیۆن تومانی بەخشی بەگەنجینەی حکومەتی کوردستان،[٩٨] پێشەوا لەوتارێکیدا بەرامبەر بازرگانانی کۆمپانیای تەرەقی کوردستان رایگەیاند:" یەگانە حەملەی دوژمنان

حەملەی ئیقتصادییەو هەمیشە خەریك دەبن لەو ڕێگایەوە ئینقلاب دەخەنە نیو میلەتی مەسەلەن مەسئەلەی تووتن كەدەوڵەتی ئیران خەریك بو وەسائیلی نیفاق و دوبەرەكی لەنێو كوردان دا پێك بێنی لازمە كەئیمە ڕێگایەكی ئیقتصادی بو خومان بكەینەوە شیركەتی تەرەقی دەبی تەوسیعەی پیێ بدریێو ڕەوابطی تجارەتی لەهەمو كوردستاندا بەرقەرار بكریێ. حكومەتی كوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە دەبی وەضعی خوی وەكو دنیای ئەورۆ تەغیر بدا مەسەلەن فەرهەنگ، فەلاحەت، كارخانەجات كەدەبی دەتەوسیعەو تەرەقی ئەوانەدا سەعی و جییدیەت بكری".[٩٩] شایەنی باسە، هەروەك (گادانی) ئاماژەی بۆ كردووە, لەسەردەمی حكومەتی كوردستاندا بۆ یەكەمین جار هەوڵی میكانیزمكردنی كشتوكاڵو بەكارهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنانی هاوچەرخ دراوەو ڕێزی موڵكایەتی تایبەت و ئازادیی بازرگانیی و بازاڕی ئازاد دراوە .[١٠٠]

جەختكردنەوە لە دەستپاكییو ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای گەندەڵی داراییو دزیكردن لەماڵی گشتیی كە پەتایەكی درێژخایەنی دەسەڵاتو كۆمەڵگای ئێرانیی بوو كە لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕببووەوە, یەكێك بوو لە هەرە ئەركو هەنگاوە بنەڕەتییەكانی ڕێبەرانی كۆمارو تاڕادەیەكی بەرچاویش لە ماوەیەكی كورتدا كاریگەری دەركەوتبوو. ئاغای محەمەد زەكەوی حسابدارو تحویلداری دارایی بۆكان لەبەر دزینی ٦٩ تمەن، بە تۆمەتی خیانەت و غەفڵەت لەلایەن سەرۆكی ئیدارەی دارایی كوردستانەوە لەسەركار دەركراو لە ڕۆژنامەی كوردستانیشدا ناوی بڵاوكرایەوەو ریسواكرا.[١٠١]

شایەنی باسە، لە سەروبەندی داگیركردنی ئێرانو خۆبەدەستەوەدانی ئەرتەشدا، سەربازخانەی مەهاباد بەپێچەوانەی تكاكاریی پێشەوا قازیی محەمەد، لەلایەن عەشیرەتە شڕەخۆرەكانەوە تاڵانو وێرانكرا. ئەوەی دوای چوار ساڵ پێشەوا وەك جەختكردنەوە لە دووربینی خۆیو ڕسواكردنی نەریتی تاڵانكاریی دامودەزگا گشتییەكان لەلایەن خێڵەكانەوە بەڕووی ئەو سەرۆك خێڵانەی كوردیدا دایەوە كاتێك بە بۆنەی سەردانێكی بۆ سەربازخانە پێی وتن:" ئێوە ئاغایانی عەشایر كە وێستا زۆریان لێرە حازرن ئەو ڕۆژانەی كە سێچوار ساڵ لەمەوبەر عەرزم دەكردن: ئاگاداری لەسەربازخانە بكەن، تێكی مەدەن، دەركەو پەنجەرەی هەڵمەوەشێنن، ئەو تەنەكانە مەكەنە ئافتاوەو كەندوی نانی و تەشتی ئاو...ڕۆژێك دێ زۆرمان بەكاردێو بۆی پەشیمان دەبینەوە، ئەو دەمەش پەشیمانی فایدەیەكی نیە. ئەوڕۆ بەو ڕۆژە گەیشتین كە كە موحتاجی سەربازخانەین، بەڵام سەربازخانە وێرانكراوە. دەبا لەو سەربازخانەیە ...ئیستیفادەمان لێ بكردایەو خراپمان نەكردبایە كە ئەوڕۆ بۆی پەشیمان نەبوبایینەوە"[١٠٢]

بەمشێوەیە, كوردستان لەژمارە (٨٥)ی خۆی نووسیویەتی:" دیموكراسی لەم بەشەی كوردستاندا بە ڕاستی هەیەو لەپێشەواوە بگرە هەتا كاربەدەستێكی چكۆلە هەموو دیموكراتیكی بەراستین, دوارۆژی میلەت لەدەست كەسانیكدایە كە هەركەس لەكاری خۆیدا زاناو لەكاردەهاتوون هەركەس دەردی هەبێو یا زۆریكی لیكرابێ دوتوانی بی بەرهەڵست و زۆر بەهاسانی پیشەوای خۆشەویستی خۆی ببینی و بەنوسین و بەگوتن دەردی خۆی پی بڵی ملت بەعموم بۆ صرفی گیان و ماڵ بۆ قازانجی عموم كۆتای ناكەن كاربەدەستان هەمیشە لەسەر كار حاضرن بەشەو و بەرۆژ لەكاری خۆیان غافڵ نین لەشاردا بەئەندازەی پیویست مەدرەسەی كوردی كراوەتەوەو بەم زوانەش لەهەموو دێیەكانیش دەركیتەوەو لەهەمووو ئیدارەكاندا حكم فرمایە. شاگردان لەمانگێكدا بەقەد ساڵێك فێری خویندن و نووسین دەبن, قانون بۆ گەورەو چكۆلە وەك یەك دەخریتەكارەوە, بەبی تحقیق كەس مجازات واعدام ناكری, هەركەشی بەگویرەی

کاری خۆی نان دەخوات. ترس و دژی و رەشوەت و خائن و زۆردار لەولاتدا نین و عەقیدەو قسەو نوسین و رای آزادن هەرکەس دەتوانی بیروباوەری خۆی بلی...عمران و آوەدانی زۆر پیشکەوتوەو هەروەا رۆژ بەرۆژ لەم ریگایەدا فعالیت زۆرتر دەبی هومید دەچی کە لەماوەیەکی کەمدا ویرانە نەمینی و هەموو کوچە و خیابان اسفالت بکرین چەندین بیمارستان بەاسباب و آلاتی نوی وە تأسیس کراون و دەواو پیویستیەکانیان دەدەستیدا هەیە. واخلاقی عمومی رۆژ بەرۆژ بەرەو چاکی دەڕوا و زنجیری برایەتی و یەکەتی قایم تر دەبێ". [١٠٣]

**ئەنجامگیریی**

گەلی کورد کەلەژێر حوکمی دیکتاتۆریی رەزاشا پەهلەوی تووشی نەهامەتییەکی گەورەو پرۆسەیەکی سیستماتیکی ئەسمیلاسیۆن‌و نۆکۆڵیکردنی نەتەوەیی ببووەوە, بە کۆتاییهاتنی دووەمین جەنگی جیهانیی‌و لەئاکامی کۆمەڵێك هەلومەرجی نێوخۆیی‌و دەرەکییدا, لەساڵی ١٩٤٦, زەمینەی دامەزراندنی کۆمارو حکومەتێکی نەتەوەیی لەسەر بەشێك لەخاکی خۆی بۆ رەخسا کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو, بەوەش یەکەمین هەنگاوی لە رێگای گەشەپێدانی سیاسیی خۆی بەدامەزراندنی دامودەزگای حوکمڕانیی‌و کارگێڕیی‌و هەوڵدان بۆ رێکخستنی کاروباری گشتی هاوێشت, ئەو هەنگاوە مێژووییەی زەمینەی بۆ بەشداریی سیاسیی‌و چاکسازیی و نوێسازیی لەبواری ژیانی فەرهەنگیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی‌و برەودان بەئاکاری مەدەنی‌و بەرژەوەندی گشتی رەخساندو لەماوەیەکی زۆر کەمدا بەشێوەیەك کاریگەرێتی بەرجەستە بوو کە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگیی گەلی کورددا هێنایەئارا, ئەوەی دۆست‌و دوژمنی کۆمارەکە لەسەری کۆکن‌و بایەخدارانی دەرەوەو ناوەوەش درکیان پێکردووەو لەنووسین‌و سەرنجەکانیاندا سەبارەت بەمێژووی کۆماری کوردستان قامکیان خستۆتە سەر.

لەڕاستییدا, رۆژنامەی کوردستان, زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان, ئاوێنەیەکی روونی هەواڵ‌و زانیارییە گرنگەکانی سیماکانی ئەو گەشەپێدانەیە کە قەڵەمڕەوی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستان لەم قۆناغەدا بەخۆیەوە بینیوە, ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە گەلی کورد وێڕای ئەو هەولانەی دەوڵەتی دیکتاتۆری شاهەنشاهیی پەهلەوی بۆ ئەسمیلاسیۆن‌و لەناوبردن, هێشتا توانیویەتی ئەو دەرفەتەی بەردەمی لەپێناو هەنگاوێکی مێژوویی بوێری گەشەپێدانی سیاسیی‌و فەرهەنگیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابووری بقۆزێتەوەو لەماوەیەکی کەمدا ئاکامی ئەرێنیشی لێ بکەوێتەوە, کە ئەگەر پەلامار نەدرایەو دەرفەتی درابا, دەیتوانی سەرەتایەکی سەرکەوتوو بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەت–نەتەوەی خاوەن سەروەریی بۆ گەلی کوردو هێنانەئارای کۆمەڵگایەکی نوێ‌و پێشکەوتووو مەدەنیی

## سەرچاوەو پەراوێزەكان:

١ Matthias Sant'Ana: The evolution of the concept of development: from economic growth to human development, I AP VI/O٦ Democratic Governance and Theory of Collective Action, [Deliverable FDI ١.٢. – Part II], ٨ May ٢٠٠٨, p٣.

٢Lorenzo G. Bellù: Development and Development Paradigms a (Reasoned) Review of Prevailing Visions, EASYPol Resources for policy making,Italy, May ٢٠١١, p٢.

٣د.صليحة مقاوسي وأ.هند جمعوني: الاقتصاد الجزائري– قراءات حديثة في التنمية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الحاج لخضر–باتنة، كلية العلوم الاقتصادية والتسيير، ٢٠٠٩–٢٠١٠، ص٣.

٤التنمية: لكي لا تكون أيديولوجيا في طريق الانهيار – توصيات لمؤتمر منظمات المجتمع المدني الاورو -متوسطي،٣٠ تشرين الثاني٢٨ –١ –٢٠٠٣ ، نابولي، ص٢.

٥ الدكتور موسى اللوزي: التنمية الإدارية، الثلاثاء ٥ يونيو ٢٠١٢، http://nawar٨١٥.blogspot.com/٢٠١٢/٠٦/blog-post.html

٤Lorenzo G. Bellù: Op. cit, p٢.

٧د.نصر عارف: في مفاهيم التنمية ومصطلحاتها، http://egyptiongeography.googlepages.com/rar

٨ بۆ زیاتر: سی، ایچ. داد و دیگران : مراحل و عوامل و موانع رشد سیاسی ، مترجم: عزت الله فولادوند، چاپ دوم، تهران،١٣٨٥ش.

٩ Lorenzo G. Bellù: Development and Development Paradigms a (Reasoned) Review of Prevailing Visions,pp٣,٥ .

١٠ روح الله رمضاني، سياسة ايران الخارجية (١٩٤١–١٩٧٣). دراسة في السياسة الخارجية للدول السائرة نحو التحديث، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، شعبة الدراسات الفارسية، ترجمة: علي حسين فياض وعبدالمجيد حميد جودي، ١٩٨٤، ص٥٠ ؛ Charchill.W, the second warld war. The Grand alliance Voulme١١١,Boston, Houghton Mifflin Company, ١٩٥٩, P٤٢٣.

١١ بۆ زیاتر: استفانی کرونین، رضاشاه وشکل گیری ایران نوین" دولتء جامعه در زمان رضاشاه, ترجمة: مرتضی ثاقب فر، تهران, ١٣٨٣.

١٢ Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflection on the Origin and Spread of Nationalism (London, ١٩٨٣).

١٣ بۆ زیاتر: ياسين خالد حسن، كردستان الشرقية، دراسة في الحركة التحررية القومية بين الحربين العالميتين (١٩١٨–١٩٣٩)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، تموز ١٩٩٥.

١٤ بروانە: محمود تربتی سنجابی، قربانیان باور واحزاب سیاسی ایران، چاپ اول، انتشارات اسیا، چاپخانەی علمی، بتهران، ١٣٧٥ش.

١٥ بڕوانە: میرزا محمد امین مەنگوری، بەسەرهاتی سیاسی كورد. لە١٩١٤ وەهەتا ١٩٥٨، بەشی یەكەمی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠ ؛ سر لشكر احمد زنگنه، خاطرات در مأموریت من در اذربایجان از (شهریور ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥)چاپ دوم، انتشارات شرق.

١٦ بڕوانە: دەباغی، عبدالقادر، ڕاپەرینی (كۆمەڵە)ی ژێ كاف، وەڵامێك بەنامیلكەی ژ–كاف چ بوو؟ ئینشاراتی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، ب ش ، ب م ؛ جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەموزی ١٩٤٣–مایسی ١٩٤٤ زمان حاڵی كۆمەڵەی ژێ كافو ئایدۆلۆژی هووردە بۆرجوای ڕۆشنبیری ناسیونالیست لەكوردستاندا، بنكەی چاپەمەنیو ئازاد، ستۆكهۆڵم، ١٩٨٥.

١٧ وێڕای ئەوەی ناوی (كۆماری میللی كوردستان) زیاتر لەبڵاوكراوەكانو دۆكیومێنتەكانی كۆماردا بەكار هێنراوە، چەند ناوێكی دیكە یوەك (دەوڵەتی جمهوری كوردستان)، (جمهوری خودموختاری كوردستان)و (كۆماری كوردی لەمەهاباد)و(حكومەتی كوردستان)، (كۆماری میللی مەهاباد)، (كۆماری كوردستان)لەدۆكیومێنتەكانی كۆمارو ئەو

سەرچاوانەی کەلەسەر ئەم ئەزموونە مێژووییە ئاخاوتوون بەکارهێنراون، زۆربەی جاریش بۆ کورتکردنەوەی لەبەر ئەوەی شاری مەهاباد پایتەختی ئەم دەسەڵاتە کوردییە بوو، تەنیا بەزاراوەی (کۆماری مەهاباد) ئاماژەی بۆ دەکرێت.بڕوانە: محمود ملا عزت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دکۆمینت، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٩٢.،کۆماری میللی مەهاباد.،، قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی ، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، ١٩٨٨ ل٥٤.

١٨ بۆ زیاتر:

Kunihalm,B.: the origin of the cold war in the Near East Great power conflict md diplomacy in Iran., Turky, and Greece, princeten University press ,١٩٨٠; Rubin, B.the Great power in the Middle East,١٩٤١-١٩٤٧; the Rood to the cold war, Frank cass,landon,١٩٨٠.

١٩ طاهر خلف البكاء ، التطورات الداخلية في ايران (١٩٤١–١٩٥١) رسالة دكتوراه منشورة ، كلية الآداب ،جامعة بغداد ، ١٩٩٠, ل١٩٤.

٢٠بروانە: علی مرادی مراغە ی, از زندان رضاخان تا صدر فرقە دمکرات آذربایجان, بررسي زندگیو آرای سید حعفر پیشەوری, نشر اوحد, ١٣٨٢ " امل عباس جبر الجبراني، الاذربيجانيون ودورهم السياسي في ايران، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية،١٩٩٧،ص ص١٤٠.١٨٢.

٢١ ڕۆژنامەی (داریا) لەیەکێك لەژمارەکانیدا نووسیویە:" ئەمڕۆ مەسەلەی کوردستان لەئێران خۆی سەپاندووە، دوای ئەوەی لەئازەربایجان حکومەتی دیموکرات بەرقەرار بوو کوردەکانیش لەپێناوی خودموختارییدا دەستیان بەچالاکیی کرد، ئەم جووڵانەوەیەی کوردەکان پەیوەستی تەواوی بە ئازەربایجانەوە هەیە، چونکە داوا لەوان کرابوو کەسەر بەحکومەتی تەبرێزبن، ئەوانیش پێیان وابوو گەر لەتاران دابپچڕێن چاکترە خودموختاریی بۆ خۆیان رابگەیەنن" بڕوانە: داریا، تهران، ٢٤ فروردوین ١٣٢٥.

٢٢ بڕوانە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتی, پێشەوا...گەڕانەوەی ئەخلاق بۆ سیاسەت, گۆڤاری سەرچاوە گۆڤارێکی سیاسی فکری مانگانەیە, ژمارە١٢ , سلێمانی, کانونی یەکەمی ٢٠١٠.

٢٣ البكاء، س.پ، ل١٩٦–١٩٧.

٢٤ ڕۆژنامەی کوردستان، (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان), ژمارە ٧٢, ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.

٢٥ هەمان سەرچاوە, ژمارە ٣, ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٤ .

٢٦ بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤–سەرماوەرزی ١٣٢٥. کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ١٩٩٣ .

٢٧ وليم ايغلتن، ، جمهورية مهاباد، جمهوري ١٩٤٦ الكردية، ترجمة، جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، اربيل، ١٩٩٩, ١٣٠.

٢٨ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

٢٩ فەریدە کوهی کەمالی, ناسیونالیزمی شوانکارەیی, کۆڵینەوەیەکی راڤەکاریی ئابووری کۆمەڵایەتییانە سەبارەت بە پەرەسەندنی سیاسیی کوردان لەئێران. خانەی وەرگێڕان, سلێمانی, ٢٠١٣, ل٢٩١.

٣٠ اوری قەڵەمڕەوی حکومەتی کوردستان بە نزیکەی ٥٠ میل بە دەوروبەری شاری مەهاباددا لەقەڵەم دەدات، وەك ئاشکراشە ناوچەکانی ورمێ و ماکۆو خوی کەهەندێ سەرچاوە بەبەشێ لە کۆماریان داناون، تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی کۆماریش مەسەلەی دەسەڵات بەسەریاندا لەنێوان حکومەتی ئازەربایجان و کۆماردا یەکالا نەبۆوە. پیتر آوری ، تأريخ معاصر ايران ، ترجمه : محمد رفيعى مهر آبادى ، جلد دوم ، چاپ چهارم ، انتشارات عطائى ، تهران ، ١٣٧٧ش ، ل ١٨٧.

٣١ قاسملو، سەرچاوەی پێشوو, ل٩٦ .

٣٢ باڤیج، رادوڤان، جووڵانەوەی رزگارییخوازیی کورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیی و سیاسیی، وەرگێڕ: محمود ملا عزت، بڵاوکراوەی دەزگای ناوەندیی و رۆشنبیر کۆمەڵە، چاپی دووەم، ب.ج،مارتی ١٩٨٦، ل٤٨

٣٣ د.ئەفراسیاو هەورامی, ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەڵگەنامەی سۆڤییەتیدا ١٩٤٧/١٩٤٥, پێشەکی و پێداچوونەوەو پەراوێز بۆنووسینی:د.یاسین سەردەشتی, بنکەی ژین, سلێمانی, ٢٠٠٧, ل ٤١.

٣٤ کوردستان, ژمارە ١١, ١٧ ڕێبەندانی ١٣٢٤.

٣٥ تا ئێستا بەوردیی نازانرێت دواژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە ژمارە چەند بووە, لەم بارەیەوە قاسملو دەڵێت:" کە ڕۆژنامەی کوردستان لەماوەی کۆماردا (١١٣) ژمارەی لێ دەرچووە، محمود ملا عزت یش باس لە ١١٦ ژمارە دەکات: قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل ٧٢ ؛ محمود مەلا عزەت, کۆماری میللیی مەهاباد . لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیيە ، بەشی یەکەم ، چاپخانه شەهید ابراهیم عەزۆ ، ١٩٨٤ د، ل١٣٩.

٣٦ Benedict Anderson , Op. cit, p١٠٢.

٣٧ سید محمدی حمیدی: آمانجی ایمە، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١)، ساڵی ییکەم، پێنج شەممو، ١٣٢٤/١٠/٢٠ – ١١ ژانویە ١٩٤٦، ل١.

٣٨ ئاگاداری، کۆمیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان – معاون حزب طەزادە، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١)، ساڵی ییکەم، پێنج شەممو، ١٣٢٤/١٠/٢٠ – ١١ ژانویە ١٩٤٦، ل٤.

٣٩ ئاغای خلیل فتاحی: چەتونی ئەلفو بێ کوردیو پێویستی گۆڕینی بە ئەلفوبێ هاسان، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٠)، ساڵی ییکەم، چوار شەممو، ٢٦/بەفرانبار/١٣٢٤ – ١٧ ژانویە ١٩٤٦، ل٣.

٤٠ هەمان سەرچاوەو لاپەڕە، هەروەهابڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢٩)، ساڵی ییکەم، شەممو، ١٠/خاکەلێوە/١٣٢٤ – ٣٠مارس /١٩٤٦، ل٣. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٤)، ساڵی ییکەم، چوار شەممو، ٢١/خاکەلێوە/١٣٢٤ –١٠ أوریل/١٩٤٦، ل٤.

٤١ هەوەڵ دەرکەوتنی چاپخانەی بۆکان، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٤)، ساڵی ییکەم، چوار شەممو، ٢٤/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٣ فیوریە ١٩٤٦، ل٣.

٤٢ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢٣)، ساڵی ییکەم، چوار شەممو، ١٥/ڕەشەمە /١٣٢٤ – ٦ مارس ١٩٤٦، ربیع الأول ١٣٦٥، ل٤.

٤٣ دامەزراندنی کتێبخانەی میللی، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢٥)، ساڵی ییکەم، یەك شەممو، ٢٦/ڕەشەمە /١٣٢٤ – ١٧ مارس ١٩٤٦، ١٢ربیع الأول ١٣٦٥، ل٣. هەروەها کتێبخانەی فەرهەنگ، ڕۆژنامەی کوردستان (ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٠)، ساڵی ییکەم، یەك شەممو، ٦/گەلاوێژ/ ١٣٢٥ – ٢٨ زرممیە ١٩٤٦, ل٤.

٤٤ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٢)، ساڵی ییکەم، شەممو، ٢٠/ ڕێ بەندان /١٣٢٤ – ٩ فیوریە ١٩٤٦، ل٣.

٤٥ ئاگاداری، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٥)، ساڵی ییکەم، شەممو، ٢٧/ ڕێ بەندان /١٣٢٤ – ١٦ فیوریە ١٩٤٦، ل٤.

٤٦ هەوەڵ جارە کە خطبە ی جمعە بەکوردی دەخوێنرێتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٠)، ساڵی ییکەم، دوو شەممو، ١٥/ ڕێ بەندان /١٣٢٤ – ٤ فیوریە ١٩٤٦، ل٣.

٤٧ جهاد علاونة: اللغة والتنمية الشاملة، الحوار المتمدن، العدد (٢٦٦٠)، ٢٠٠٩/٥/٢٨، ٠٩:٠٥، www.ahewar.org

٤٨ إبراهیم نادری: بۆ ماموستاکان (١) مەبەست لەتربیت ابتدائي چیە؟ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٧)، ساڵی ییکەم، سێشەممو، ٢٦/ خەرمانان /١٣٢٥ – ١٧ سپتامبری ١٩٤٦،١٩ شوال ١٣٦٥، ل١و٤.

٤٩ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٨)، ساڵی ییکەم، یەکشەممو، ٢٧/ گەلاوێژی /١٣٢٥، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٧)، ساڵی ییکەم،

سێشەممو، ٢٦/ خەرمانان /١٣٢٥ – ١٧ سپتامبری ١٩،١٩٤٦ شوال ١٣٦٥، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٩٢)، ساڵی یەکەم، پێنجشەممو، ١١/ ڕێبەندانی /١٣٢٥ – ٣ ئۆکتوبری ١٩٤٦، ٦ ذي القعدة ١٣٦٥، ل٤.

٥٠ إبراهیم نادری: اگاداری، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٦٥)، ساڵی یەکەم، سێشەممو، ١٤/ پووشپەڕی /١٣٢٥ – ٢ ژوئیەی ١٩٤٦، ٣ شعبان ١٣٦٥، ل٤.

٥١ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٥٢)، ساڵی یەکەم، شەممو، ١١/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ٢ ژوئیئی ١٩٤٦، ١ رجب ١٣٦٥، ل٢.

٥٢ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٦٠)، ساڵی یەکەم، چوارشەممو، ٢٩/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ٢٠ ژوئیئی ١٩٤٦، ١٩ رجب ١٣٦٥، ل١.

٥٣ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٦٠)، ساڵی یەکەم، چوارشەممو، ٢٩/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ٢٠ ژوئیئی ١٩٤٦، ١٩ رجب ١٣٦٥، ل٣.

٥٤ هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

٥٥ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٥)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٠/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١١ ئووتی ١٩٤٦، ١٣ رمضان ١٣٦٥، ل٣-٤.

٥٦ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٥)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٠/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١١ ئووتی ١٩٤٦، ١٣ رمضان ١٣٦٥، ل٢.

٥٧ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٤٦)، ساڵی یەکەم، شەممو، ٢١/ بانەمەڕی /١٣٢٥ – ١١ مەی ١٩٤٦، ٩ جمادي الثاني ١٣٦٥، ل٢.

٥٨ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٧)، ساڵی یەکەم، سێشەممو، ٢٦/ خەرمانانی /١٣٢٥ – ١٧ سپیتامبری ١٩٤٦، ١٩ شوال ١٣٦٥، ل١.

٥٩ تربیت لە باوش، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٦)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢٨/ خاکەلێوەی /١٣٢٥ – ١٧ ئاوریلی ١٩٤٦، ١٥ جمادي الاولى ١٣٦٥، ل٣.

٦٠ تربیەتی ڕاست، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٩)، ساڵی یەکەم، چوارشەممو، ٤/ بانەمەڕی /١٣٢٥ – ٢٤ ئاوریلی ١٩٤٦، ٢٢ جمادي الاولى ١٣٦٥، ل٢.

٦١ ف.م: ژیانی ملت بەزانستەوە، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٥)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٠/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١١ ئووتی ١٩٤٦، ١٣ رمضان ١٣٦٥، ل٢.

٦٢ ڕسول میکائیلی: حاملاندنی ژنان، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٥)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٠/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١١ ئووتی ١٩٤٦، ١٣ رمضان ١٣٦٥،ل٤.

٦٣ کلثوم قنادی: خوشکە خوشەویستەکان و یایانی موحتەرەم، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٤٠)، ساڵی یەکەم، شەممو، ٧/ بانەمەڕی /١٣٢٥ – ٢٧ ئاوریلی ١٩٤٦، ٢٥ جمادي الاولى ١٣٦٥، ل٤.

٦٤ پەروین . أ : چلۆن لەژیان لذت بەرین، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٤)، ساڵی یەکەم، سێشەممو، ١٥/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ٦ ئووتی ١٩٤٦، ٨رمضان ١٣٦٥، ل١و٣.

٦٥ قاسم حجازی: کاربکەین و تێکۆشین، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٧)، ساڵی یەکەم، پێنجشەممو، ٢٤/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١٥ ئووتی ١٩٤٦، ١٧ رمضان ١٣٦٥، ل١.

٦٦ م. محمود: نەزانین هاوڕێی گەلە بەکارهێنەرەکانە!، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢٦)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢٧/ڕەشەمە /١٣٢٤ – ١٨ مارس ١٩٤٦، ١٣ربیع الأول ١٣٦٥، ل٢.

٦٧ احمد الهی: سعادەتی بشر بە چیە؟، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٨)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٧/ گەلاوێژی /١٣٢٥، ل١و٣.

٦٨ ح ـ م: کۆمەل چۆن بە أمانج دەگات، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٨)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٧/ گەلاوێژی /١٣٢٥، ل١و٣.

٦٩ سعید عبدالعزیز سیادت: هەر نەتەوەیك دابنویی بۆ پادشای زانست وەسەر تەختی بەختیاری دەکەوێ، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣١)، ساڵی یەکەم، چوارشەممو، ١٤/خاکەلێوەی /١٣٢٥ – ٣ ئاوریلی ١٩٤٦، ١جمادی الاولی١٣٦٥، ل٢و٤.

٧٠ نوکی قەلەمی أزاد، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٨)، ساڵی یەکەم، یەکشەممو، ٢٧/ گەلاوێژی /١٣٢٥، ل١.

٧١ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٥)، ساڵی یەکەم، پێنجشەممو، ٢١/ خەرمانانی /١٣٢٥ – ٥ سیپتامبری ١٩٤٦، ٩ شوال ١٣٦٥، ل١.

٧٢ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٨)، ساڵی یەکەم، پێنجشەممو، ٢٨/ خەرمانانی /١٣٢٥ – ١٩ سیپتامبری ١٩٤٦، ٢١ شوال ١٣٦٥، ل١.

٧٣ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢٦)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢٧/ڕەشەمیٚ/١٣٢٤ – ١٨مارس /١٩٤٦، ١٣ ربیع الثانی ١٣٦٥، ل٢. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢٨)، ساڵی یەکەم، چوارشەممو، ٧/خاکەلێوە/١٣٢٤ – ٢٧مارس /١٩٤٦، ٢٣ ربیع الثانی ١٣٦٥، ل١. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٦٢)، ساڵی یەکەم، چوارشەممو، ٥/ پووشپەڕی /١٣٢٥ – ٢٧ ژوئینی ١٩٤٦، ٢٦ رجب ١٣٦٥، ل١. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٦٦)، ساڵی یەکەم، سێشەممو، ١٨/ پووشپەڕی /١٣٢٥ – ٩ ژوئیەی ١٩٤٦، ٩ شعبان ١٣٦٥، ل١و٤.

٧٤ حاجی سید بابە شێخ: ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٦)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢٩/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٨ فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٧)، ساڵی یەکەم، چوار شەممو، ١/ڕەشەمیٚ/١٣٢٤ – ٢٠ فیوریە ١٩٤٦، ل٤.

٧٥ حاجی سید بابەشێخ، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٥)، ساڵی یەکەم، شەممو، ٢٧/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٦ فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٦)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢٩/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٨ فیوریە ١٩٤٦، ل٤.

٧٦فرماندەی هێزی دیموکراتی ـ کوردستان ـ محمد نانەوازادە"، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، شەممو، ٢٢/١٠/١٣٢٤ – ١٣ ژانویە ١٩٤٦، ل٣. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٨)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢/ بانەمەڕی /١٣٢٥ – ٢٢ ئاوریلی ١٩٤٦، ٢٠ جمادی الاولی ١٣٦٥، ل٤.

٧٧ ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٢)، ساڵی یەکەم، شەممو، ٢٠/ ڕێ بەندان /١٣٢٤ – ٩ فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٣)، ساڵی یەکەم، دوو شەممو، ٢٢/ ڕێ بەندان /١٣٢٤ – ١١فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٤)، ساڵی یەکەم، چوار شەممو، ٢٤/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٣ فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٥)، ساڵی یەکەم، شەممو، ٢٧/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٦ فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٦)، ساڵی یەکەم، دووشەممو، ٢٩/ڕێ بەندان/١٣٢٤ – ١٨ فیوریە ١٩٤٦، ل٤. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (١٧)، ساڵی یەکەم، چوار شەممو، ١/ڕەشەمیٚ/١٣٢٤ – ٢٠ فیوریە ١٩٤٦، ل٤.

[٧٨]بخشنامە، ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (٥٩)، سـاڵی یـیکـەم، دووشەممو، ٢٧/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ١٨ ژوئیئی ١٩٤٦، ١٧ رجب ١٣٦٥، ل٣.

[٧٩]ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٨)، ساڵی ییکەم، یەکشەممو، ٢٧/ گەلاوێژی /١٣٢٥، ل١و٣.

[٨٠]ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بیری حزبـی دیموکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (٣٧)، سـاڵی ییکـەم، شـەممو، ٣١/ خاکەلێوەی /١٣٢٥ – ٢٠ ئاوریلی ١٩٤٦، ١٨جمادي الاولى ١٣٦٥، ل١.

[٨١]ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبـی دیموکراتی کوردستان)، ژمـارە (٧٦)، سـاڵی ییکـەم، سێشـەممو، ٢٢/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١٣ ئووتی ١٩٤٦، ١٥ رمضان ١٣٦٥، ل٢.

[٨٢]سـەرۆکی ئیـدارەی بهداری کوردسـتان، دکتر مبصری، ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بیری حزبـی دیمـوکراتی کوردستان)، ژمارە (٥٤)، ساڵی ییکەم، چوارشەممو، ١٥/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ٦ ژوئیئی ١٩٤٦، ٥رجب ١٣٦٥، ل٣.

[٨٣]نژادی، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٦)، ساڵی ییکەم، سێشەممو، ٢٢/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١٣ ئووتی ١٩٤٦، ١٥ رمضان ١٣٦٥، ل٢.

[٨٤]ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٦٨)، ساڵی ییکەم، پنیج٘شەممو، ٢٧/ پوشپەر ١٣٢٥ ، ١٥ شعبان ١٣٦٦، ل٢.

[٨٥]خسروی :سەرۆکی شارداری مهاباد، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٦)، ساڵی ییکەم، سێشەممو، ٢٢/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١٣ ئووتی ١٩٤٦، ١٥ رمضان ١٣٦٥، ل٤.

[٨٦] ولی زادە (سـەرۆکی کشـاورزی کوردسـتان): اگـاداری، ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بیری حزبـی دیمـوکراتی کوردستان)، ژمارە (٧٥)، ساڵی ییکەم، یەکشەممو، ٢٠/ گەلاوێژ /١٣٢٥ – ١١ ئووتی ١٩٤٦، ١٣ رمضان ١٣٦٥، ل٤.

[٨٧]م. ولی زادە: افات نبانات (٢)، ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٩٢)، ساڵی ییکەم، پێنجشەممو، ١١/ ڕەیَ بەندان /١٣٢٥ – ٣ئوکتوبری /١٩٤٦، ٦ ذي القعدة ١٣٦٥، ل٣.

[٨٨]حمامەکان، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٢)، ساڵی ییکەم، شەممو، ١٧/خاکەلێوە/١٣٢٤ – ٦ أوريل/١٩٤٦، ٤جماد الأولى ١٣٦٥، ل٢.

[٨٩]حمامەکان، ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٢)، ساڵی ییکەم، شەممو، ١٧/خاکـەلێوە/١٣٢٤ – ٦ أوريـل/١٩٤٦، ٤جمـاد الأولـى ١٣٦٥، ل٢. حمامـەکان کـران بەشـیرە، ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (١١)، سـاڵی ییکـەم، چوارشـەممو، ١٧/ڕەیَ بەندان/١٣٢٤ – ٦ فیوریە ١٩٤٦، ل٣.

[٩٠]ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (٣٣)، سـاڵی ییکـەم، دووشـەممو، ١٩/خاکەلێوە/١٣٢٤ –٨ أوريل/١٩٤٦،٦جماد الأولى ١٣٦٥، ل٣.

[٩١]ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (٣٣)، سـاڵی ییکـەم، دووشـەممو، ١٩/خاکـەلێوە/١٣٢٤ –٨ أوريـل/١٩٤٦،٦جمـاد الأولـى ١٣٦٥، ل٣. ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (٧)، سـاڵی ییکـەم، شـەممو، ٦/ڕەیَ بەنـدانی/١٣٢٤ –٨ أوريـل/١٩٤٦، ل٣. ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە (٣٤)، سـاڵی ییکـەم، چـوار شـەممو، ٢١/خاکـەلێوە/١٣٢٤ –١٠ أوريـل/١٩٤٦، ل٢. ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٥٣)، ساڵی ییکەم، دووشەممو، ١٣/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ٤ ژوئیئی ١٩٤٦، ٣رجب ١٣٦٥، ل٣.

[٩٢]ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٤٥)، ساڵی ییکەم، چوار شەممو، ١٨/ بانەمەڕی /١٣٢٥ – ٨ مەی ١٩٤٦، ٦ جمادي الثاني ١٣٦٥، ل٤.

[٩٣]سـرت ئیـدارەی کـل نیونوسـی کوردسـتان. یوسـفی، ڕۆژنامـەی کوردسـتان (بڵاوکـەرەوەی بـیری حزبـی دیمـوکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٣)، ساڵی ییکەم، دووشەممو، ١٩/خاکەلێوە/١٣٢٤ –٨ أوريل/١٩٤٦،٦جماد الأولى ١٣٦٥، ل٣.

[94] ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣٤)، ساڵی یێکەم، چوار شەممو، ٢١/خاکەلێوە/١٣٢٤ –١٠ أوریل/١٩٤٦، ل٢. ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٥٠)، ساڵی یێکەم، دووشەممو، ٦/ جۆزەردان /١٣٢٥ – ٢٧ مەی ١٩٤٦، [25] جمادي الثاني ١٣٦٥، ل٤.

٩٥ مەنگوڕی، س.پ، ل ل ١٠٨–١١٠.، پشدەری، س.پ، ل٥٧.

٩٦ ١٥٠ کەس لەخەڵکی شاری سنە تەلەگرافێکیان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەتاران ناردووەو بەتوندیی دژی ئەو گرانیی و قاتوقرییەی لەناوچەکەیان کەوتۆتەوە بێزاریی خۆیان دەربڕیووە، ئەمانە لەتەلەگرافەکەیاندا نووسیویانە، خەڵکی شار نەك میوەو گۆشتی بەگرانیش دەستناکەوێت، بەڵکو نان و سەوزەواتیشی لێ قاتیی بووە، بڕوانە:
کوهستان، ١٤ اردیبهشت ١٣٢٥.

٩٧ نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤–سەرماوەرزی ١٣٢٥. کورد لەگەمەی سۆڤێتیدا ،چاپی دووەم, هەولێر, ١٩٩٣, ل١١٢ .

٩٨ قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٧٦.

٩٩ ڕۆژنامەی کوردستان، (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە( ٢٣)، ساڵی یێکەم, ١٥ی ڕەشەمێی ١٣٢٤ بەرامبەر ٥ی مارسی ١٩٤٦ .

١٠٠ جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات, کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران, بەرگی یەکەم, چاپخانەی وەزراەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان, ل٥٢.

[101] ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٥ ) ساڵی یێکەم، پێنج شەممو، ٢١ خەرمانان ١٣٢٥ .

[102] ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٣١ ) ساڵی یێکەم، چوار شەممو، ١٤ خاکەلێوە ١٣٢٥ .

[103] ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە (٨٥ ) ساڵی یێکەم، پێنج شەممو، ٢١ خەرمانان ١٣٢٥.

## ملخص البحث

يهدف هذا البحث الى دراسة بدايات مظاهر التنمية و الازدهار في ظل حكومة جمهورية كوردستان التي تأسست في مدينة مهاباد في شرق كوردستان مباشرة بعد الحرب العالمية الثانية عام ١٩٤٦ بالاعتماد على المعلومات و الوقائع التي نشرتها جريدة (كردستان) لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني في ايران, اذ تمكنت القيادة الكوردية ,رغم المشاكل الكثيرة و العوائق الكبيرة امامها, في مدة وجيزة من اعلان الجمهورية, من تشكيل مجلس وزاري وبناء بعض المؤسسات الحكومية والادارية و العسكرية والقضائية الضرورية للقيام بأصلاحات سريعة شملت كافة المجالات السياسية و الثقافية و الاجتماعية والاقتصادية مما ساعدت في تجسيد نوع من التجانس والوحدة القومية و المشاركة الشعبية وخلق فضاءً من الانفتاح هيأت الأرضية للخطو نحو اولى عتبات التطور في المناطق الكوردية التي تحكمها الجمهورية و خاصةً عاصمتها مدينة مهاباد, وقد اثبتت هذه التجربة بأن الكورد كغيرهم من الشعوب الاخرى في التاريخ الحديث , اذا تحرروا من الاحتلال و الاستعباد, فأنهم قادرون على حكم انفسهم بشكل مستقل ويستطيعون اقامة حكومة ديمقراطية اصلاحية عصرية تحقق الاستقرار والتطور و الانفتاح والتقدم.

**Abstract**

This research aims to study the aspects of development and prosperity under the Kurdistan Republic government, which was founded in the city of Mahabad in eastern Kurdistan immediately after the Second World War in ١٩٤٦, by depending on the information and facts that published by (Kurdistan newspaper), the mouthpiece of the Kurdistan Democratic Party of Iran. Despite many problems and great obstacles, the Kurdish leadership was able in a short duration of the proclamation of the Republic, from the formation of a cabinet and build government and administrative institutions and military and judicial necessary to do a quick reforms included all the political, cultural, social and economic, which helped to embody a kind of national solidarity ,popular participation and create a space of openness created the earth to step towards a first threshold of evolution in Kurdish areas governed by the Republic and particularly its capital city of Mahabad, and this experience has proved that the Kurds, like other peoples in the modern history, if freed from occupation and subjugation, they are able to govern themselves independently and can establish a modern democratic and reformist government to achieve stability, development and progress.